# گەندەڵی، حکومڕانی باش و
# رووبەڕووبوون
# پێویستی بە هاوبەشی هەمـ

که باس له گەندەڵی دەکەین و، وەك دیاردەیەك له کۆمەڵگه ئاماژەی پێدەکەیــن، ئەمه بەو مانایه نییــه بێجگه له کۆمەڵگەی ئێمه ئەم دیاردەیه له هیچ شــوێنێکی دیکه بوونی نییه، نەخێر گەندەڵی ئەو پەتایەیــه که له زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیه، هەر بۆیه لەم راپۆرتەدا باس له چۆنییەتی رووبەڕووبونەوەی ئەم دیارده ترســناکه دەکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت کەمبکرێتەوە.

گەندەڵی پەیوەندی به وڵاتی دەوڵەمەنــدو هەژارەوە نییه، ئەمەش لەبــەر ئەوەی ئاماری رێکخراوی شــەفافییەتی نێودەوڵەتی پێمان دەڵێت ئەم دیاردەیه له هەردوو حاڵەتەکەدا تۆمار کراون، بەڵام دەوڵەته دەوڵەمەندەکانی وەك ئەمەریکا و بەریتانیا و ژاپۆن که ئەم دیاردەیان تێدا کەمتره هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە لەبەرئەوەی دەوڵەمەندن بۆیه دیاردەی گەندەڵیان تێدا کەمە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەیه که لــەم دەوڵەتانەدا بنەماو رێســاکانی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی بەهێزن و ســەروەریی یاسا بوونی هەیه. دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی که به پلەی یەکەم و دووەم دێت بۆ ئاســتی نزمی گەندەڵی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی، بەڵام لەسەر ئاستی جیهان به پلەی ٣٤ دێت، واته هەره دەوڵەته باشــەکەی عەرەبی لەسەر ئاستی جیهان به پلەی ٣٤ دێت و شانشینی مەغریبیش به پلەی ٧٩ دێت، ئەگەر به پێوانەی ئیمارات و مەغریب، ئاســتی گەندەڵی له عێراقدا بەراورد بکەین، ئەوا کارێکی زۆر زۆری دەوێت تا بتوانرێت عێراق بهێنرێته ئاســتی مەغریب نەك ئیمارات، کەواته مەسەلەکه قەڵاچۆکردن و بنبڕکردنی گەندەڵی نییه بەو ئاستەی داوا بکەین که دەبێت ئاستی گەندەڵی دەکەین به سفر، ئەمه نەك لەبەر ئەوەی حکومەت و خەڵك ناخوازن ئەم ئاکامه ئیجابییه بێته ئاراوە، بەڵکو بەرز و نزمی ئاستی دیاردەی گەندەڵی ئاماژەیه بۆئاســتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەی ئاستی چالاکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاســتی کاریگەری میدیا و ئاستی کامڵبوونی پارته سیاسییەکان بەگشتی و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن به تایبەتی، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەسته لەســەر کردنه ئاســتی گەندەڵی و ئاستەکانی دیکەی پەیوەندار بەم دیاردەیه پێچەوانەی یەکترن و چەند ئاســتی دیاردەی گەندەڵــی بەرزبێت، واته هۆشــیاری کۆمەڵگــه و میدیا و پارته سیاســییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی له ئاســتێکی نزمــدان، به پێچەوانەوەش چەند ئاســتی گەندەڵــی نزم بێت واته میدیا و هۆشیاری کۆمەڵگه و پارته سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی له ئاستێکی بەرزدان.

### بەبێ دامەزراوەی بەهێز و بەشداری هەمووان شەڕی گەندەڵی سەرکەوتوو نابێت

هەندێك له پسپۆڕان سەبارەت به کاریگەری گەندەڵی لەسەر شێواز و ئاکاری کۆمەڵگه دەڵێن: (له هەر بوارێکی ئەو کۆمەڵگەیه توێژینەوە بکەیت دەزانیت ئاســتی گەندەڵی لــەو وڵاته چەندە)، ئەمەش بەو مانایه دێت ئەگەر توێژەرێك توێژینەوەیەك لەسەر ئازادی رادەربڕین و ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك بکات، له ئاکامدا بۆی دەردەکەوێت ئاســتی دامەزراوەکان و هۆشیاری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش لەو وڵاتەدا له چ ئاستێکدایه هەر بۆ نموونه:

١. دیــاردەی بەربــڵاوی گەندەڵــی بەڵگەیەکی ئاشــکرایه بۆ پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش لەو روانگەیەوە که بەرپرسان یاسا پشتگوێ دەخەن له پێناوی خواسته ماددی و مەعنەوییەکانی خۆیان و لەسەر حسابی مافی خەڵکانی دیکه گەندەڵی دەکەن.

٢. بڕوابوون به ماف و ئازادی تاك به تایبەتی مافی موڵکداریەتی تایبەت به پێی یاســا و بوار له بەردەم هەمووواندا وەك یەك به پێی یاســا، ئەمەش کۆڵەگەیەکی دیکەیه بۆ رووبەروبونەوەی گەندەڵی، هەربۆیه له هەر وڵاتێکدا پارێزگاری له ماف و ئازادی تاك بکرێت و له چوارچێوەی یاســادا بوار له بەردەمــی تێکڕایی هاووڵاتیان یەکســان بێت، بێگومان دیاردەی گەندەڵی له ئاستێکی زۆر نزمدا دەبێــت، ئەمەش به بێ بوونــی هاوبەشــییەکی کاریگەری نێوان هاوڵاتیان و حکومەت و هەیکەلێکی دامەزراوەیی بەهێز و کاریگەر نایەته دی.

٣. ئاســتی هۆشــیاری هاووڵاتیان نیشــانەیەکی دیکەی ئاستی دیــاردەی گەندەڵییە، له وڵاتێکدا ئاســتی هۆشــیاری هاوڵاتیان بەرزبێت، هۆکارێکە بۆ چەســپاندنی ســەروەریی یاسا و هاوڵاتیان ئــاگاداری پێچ و پەناکانی پیادەکردنــی گەندەڵی دەبن، هەربۆیه ئاستی هۆشــیاری هاوڵاتیان و سەروەریی یاســا دەبێته هۆکاری وشــکردنەوەی ســەرچاوەکانی گەندەڵــی، ئەمەش پێویســتی به



چەند ئاستی گەندەڵی نزم بێت واته میدیا و هۆشیاری کۆمەڵگە و پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستێکی بەرزدان

ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان و سەروەریی یاسا دەبێتە هۆکاری وشکردنەوەی سەرچاوەکانی گەندەڵی، ئەمەش پێویستی بە کاریگەری پەرلەمان هەیە بۆ ئەوەی هەوڵبدات لە حکومەت بپرسێتەوە و وەزیرەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکات

# سەروەری یاسا دەشارێتەوە
# ـــەوەی گەندەڵی
# ـــوان و ئینتیمای نیشتمانییە

کاریگـــەری پەرلەمان هەیـــە بۆ ئەوەی هەوڵبـــدات لە حکومەت بپرسێتەوە و وەزیرەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە .

٤. لە کۆمەڵگەیەکدا ڕێژەی کارکردنی ئافرەت کەم بێت واتە ئاستی گەندەڵی بەرزە، بەشـــداریکردنی ئافرەت لـــە کاری دامەزراوەیی و هاندانیان بۆ ئەوەی بەبێ جیاوازی لەگەڵ پیاو پۆستە گرنگەکانی دامەزراوەکان وەربگرن و جومگەکانی دامەزراوەکان هەڵبســـوڕێنن، هۆکارێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی گەندەڵی، ئەمەش بەو واتایـــە ئەگەر دوو دامەزراو وەربگریـــن یەکێکیان لەلایەن ئافرەتەوە بەڕێـــوە ببرێت یـــان پێکهاتەی ئافرەت تیایـــدا زاڵ بێت و لەگەڵ دامەزراوێکی دیکـــە بەراوردی بکەین کە پیاو بەڕێوەی بەرێت یان ڕێـــژەی پیاو تیایدا باڵادەســـتبێت، ئەوا دەبینین ئـــەو دامەزراوەی زیاتر ئافرەت کارەکانی هەڵدەســـوڕێنیت ڕێـــژەی گەندەڵی تیایدا کەمترە، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە ئەوەیە هێندەی ئافرەت حساب بۆ لێپرســـینەوە دەکات و لە کەســـایەتی خۆی دەترسێت لە دیدی



کۆمەڵگەوە هێندە پیاو بەو ئاستە حسابی بۆ ناکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ســـەرنج لەو وڵات و کۆمەڵگەیانە بدەین کە ڕێژەی گەندەڵی تیایاندا لەو پـــەڕی نزمیدا دەبینین ڕێژەی کارکردن و بەشـــداری ئافرەت لەوپەڕی بەرزیدایە، هەربۆیە کاتێك باس لە ڕووبەڕووبونەوە یان شـــەڕی دیاردەی گەندەڵی دەکەیـــن زۆر گرنگە کە هەوڵبدەین ئاستی بەشـــداری ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لە دامەزراوەکاندا بەهێز بکەین و ئەو زەمینەیە بڕەخســـێنین کە ئازادی ئافرەت و بەشداری ئافـــرەت ببێتە ڕەنگدانەوەی هەڵمەتی ڕووبەڕووبونەوە یان شـــەڕی دیاردەی گەندەڵی.

٥. گەندەڵی هۆکارێکە بۆ شـــێواندنی ئەتمۆســـفیری دیموکراتی و پێشـــێلکردنی مافـــی بە هاوڵاتیبـــوون و پێشـــێلکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەسی گەندەڵ یان بەرپرســـی گەندەڵ، کە دەســـت دەداتە کاری گەندەڵی بنەماکانی مافی یەکســـانی هاوڵاتیان و گوشـــارەکانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ئاینییەکان پێشـــێل دەکات و ئەتمۆسفیرێك دەخوڵقێنیت کە تیایدا گەندەڵکارەکە خۆی لە ســـەرووی یاســـا و هاوڵاتییـــەوە دەبینێتەوە، ئەم حاڵەتە چەند ببێتە دیاردەیەکی بەرچاو هێندە کەشـــوهەوای دیموکراتی تێکدەدات و بنەمە سەرەکییەکانی حکومڕانی باش دەپوکێنێتەوە.

٦. جیاکردنەوەی تەواوی هەر سێ دەسەڵاتی (یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادەوری ) هۆکارێکی گرنگە دیکەیە بۆ زاڵبوون بەســـەر دیاردەی گەندەڵیدا، بێگومان مەبەست لە جیاکردنەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە لە یەکتری بەو مانایە نییە ئەم سێ دەسەڵاتە لە سێ بینایەی جیاوازدا بن بەڵکو دەبێت ئەم ســـێ دەســـەڵاتە تەواو لـــە یەکتری جیابن و سەربەخۆ بن و هەرسێکیان پێکەوە تەکامولی حکومڕانی باش بکەن و پەرلەمان توانای هەبێت چاودێری حکومەت بکات و دەســـەڵاتی دادوەری بەو ئاســـتە ســـەربەخۆ بێت کە بتوانێت بە بێ کاریگەری هیچ لایەنێك بەســـەریەوە دەسەڵاتی ســـەروەری یاسا بچەسپێنێت و لەژێر چەتری ســـەروەری یاسادا ســـزای ئەو کەسانە بدات کە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بە کەرتی تایبەت و گشتییەوە گەندەڵکاری دەکەیـــن، بێگومان کە باســـی گەندەڵکاری دەکەین مەبەســـت لە دیـــاردەی گەندەڵکارییە لە تەواوی کۆمەڵگـــە بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشـــتییەوە، هەربۆیە زۆر گرنگە دەســـەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و بەهێز بێت و کاریگەری هیچ لایەنێکی بەسەرەوە نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە بوێرانە یاسا بچەسپێنێت.

## شەڕی گەندەڵی بە تەنیا بە بڕیاری حکومەت ناکرێت دەبێت هەموو هاوکاری حکومەت بین لەم هەنگاوەدا

پێـــش ئەوەی بێینە ســـەر ئەوەی چۆن شـــەڕی گەندەڵی بکەین و چۆن هاریکاری حکومەت بین لەم شـــەڕە نیشـــتمانییەدا (شەڕی گەندەڵی ) دەبێت هەموومان لە فاکتەر و هۆکارەکانی ســـەرچاوەی دروســـتبوونی گەندەڵی بکۆڵینەوە و بزانین سەرچاوەکانی گەندەڵی چین و چۆن دەتوانین چارەسەریان بکەین، دەبێت بارودۆخی واقیعی وڵاتی خۆمان لەبەرچاو بگرین، فاکتەری دروست بوونی گەندەڵی لە وڵاتی خۆمانـــدا دیاری بکەین، هەروەها دەبێت لەوە هۆشـــیار بین کە چۆن ئاســـتی گەندەڵی لەگەڵ قۆناخە مێژووییەکە بەراورد دەکەین، هەربۆنموونە ئەگەر وڵاتی پۆڵەندا بە نموونە وەربگرین کە ئێســـتا ئەندامی یەکێتی ئەورپایە و یەکێتی ئەورووپا وەك وڵاتێك کە توانیویەتی بە ئاراستەی دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت و دیاردەی

●●●

**لە کۆمەڵگەیەکدا ڕێژەی کارکردنی ئافرەت کەم بێت واتە ئاستی گەندەڵی بەرزە، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج لەو وڵات و کۆمەڵگەیانە بدەین کە ڕێژەی گەندەڵی تیایاندا لەو پەڕی نزمیدا دەبینین ڕێژەی کارکردن و بەشداری ئافرەت لەوپەڕی بەرزیدایە**

●●●

●●●

**زۆر گرنگە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ و بەهێز بێت و کاریگەری هیچ لایەنێکی بەسەرەوە نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە بوێرانە یاسا بچەسپێنێت**

●●●

گەندەڵی تاڕادەیەکی بەرچاو بە پێی پرەنسیپەکانی یەکێتی ئەورپا کەمبکاتەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە پۆڵەندا لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵیدا گەیشتۆتە هاوشانی سوید و هۆڵەنداو دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوای ئەوروپا، یەکێتی ئەورپاش ئەگەر ئاستی نزمی گەندەڵی و ئاستی بەرزی دیموکراتی دەوڵەتانی ئەورپای رۆژئاوا بکاتە پێوەر بۆ وەرگرتنی ئەندام و فراوانکردنی یەکێتییەکەی ئەوا هەرگیز نەیدەتوانی دەوڵەتانی پێشوی بلۆکی سۆشیالیستی بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپا قبوڵبکات، ئەگەر ئاماژە بە نموونەیەکی نزیکی دیکە بکەین کە ئەویش تورکیایی دراوسێمانە کە چەند ساڵێکە کاندید کراوە بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا دەبینین، وێڕای فاکتەرە یاساییەکان تایبەت بە مافی ئازادی رادەربڕین و مافی کەمینەکان، باری ئابووری تورکیاش فاکتەرێکی دیکەی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا لەلایەن تورکیا، ئەمە لە کاتێکدا هەتا ئێستاش لە تورکیا بنەماکانی مافی ئازادی رادەربڕین وەك سوکایەتییەك بۆ نەتەوەی تورك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەئاشکرا رۆژنامەنووس تیرۆر دەکرێت و بە ئاشکرا نوسەر و ئەکادیمییەکانی تورکیا بە پێی ئەو یاسایەی تورکیا کە بە دەستدرێژی بۆ سەر نەتەوەی تورك حساب دەکرێت دادگایی دەکرێن، هەروەها هەڵاوسانی ئابووری و دیاردەی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی تورکیادا لە ئاستێکدایە کە لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا یەکناگرێتەوە، بەڵام یەکێتی ئەوروپا ئامادەیە لەگەڵ تورکیا دانوستاندن بکات، نەك لەو ئاستەی ئەو مەرجەی بەسەردا بسەپێنێت، هەتا دامەزراوەکانی تورکیا نەگاتە ئاستی دامەزراوەکانی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا تورکیا نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بێگومان هەموو جیهان دەزانێت بە ١٠٠ساڵی دیکەش تورکیا لە هەموو روویەکەوە ناگاتە سوید یان هۆڵەندا، یەکێتی ئەوروپاش ئەم راستیە دەزانێت، هەربۆیە یەکێتی ئەوروپا بەشێوەیەکی دیکە مەرجی بۆ ئەندامبوونی داناوە ئەویش پابەندبوونە بەو بنەمایانەی کە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو سیستەمی دەوڵەتانی ئەوروپایی رۆژئاوا هەڵبگرێت .

ئەم ئاماژەیەمان بە پێویست زانی وەك بەرچاو روونییەك بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان و چۆنییەتی شەڕکردن لەگەڵ ئەم دیاردە دزێوە، هەربۆیە گرنگە کە دەچینە ئەم شەڕەوە، دەبێ ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین:

١. هەرێمی کوردستان بەشێك بووە لە حکومەتی عێراق، ئێستاش کە خاوەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشین، ئەم حکومەتە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و ئابورییەکەی وابەستەی ئابوری حکومەتی عێراقە. هەربۆیە کاتێك ئاستی گەندەڵی لە حکومەتی عێراقی خستبێتە ریزبەندی پێشەوەی دەوڵەتە گەندەڵەکانی جیهان و بەپێی راپۆرتی شەفافییەتی نێودەوڵەتی تەنها هەردوو دەوڵەتی سۆماڵ و میانمار لەپێش عێراقەوە بن لە ئاستی بەرزی گەندەڵیدا، لە تازەترین لێدوانی رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٨ باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە بەغدا، ئاستی گەندەڵی لە ناو حکومەتی عێراقدا بە بەرەیەکی دیکەی شەڕی دژە تیرۆر و بە یاخیبوونێکی چەکداری دیکە (وەك یاخیبوونی چەکدارەکانی سوننە لە ساڵی ٢٠٠٦بە ناوی مقاوەمەوە) حساب بکات مانای وایە ئاستی گەندەڵی لە عێراقی ٢٠٠٨ زۆر بەرزترە لە عێراقی ٢٠٠٧.

ئەم ئاماژە کردنە بۆ بارودۆخی گەندەڵی لە عێراقدا، بەو مانایە نییە



کە پاکانە بۆ ئاستی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا بکەین، بەڵام حکومەتێکی وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە سەرچاوەیەکی گەندەڵەوە بودجەی بۆ دیاری دەکرێت و بەشێکە لە ئابووری دەوڵەتێکی گەندەڵ، بمانەوێت یان نەمانەوێت ئەو گەندەڵییە کاریگەری لەسەر حکومەتی هەرێم و دانیشتوانی کوردستانیش دەبێت، هەر بۆنموونە: (گرێبەستەکانی وەزارەتی بازرگانی عێراق بۆ کڕینی خۆراك، کە بەشێکی ئەو خۆراکە لە بەغداوە بە رێگەی لیستی خۆراك دەدرێتە هاوڵاتیانی کوردستانیش.) هەروەها بەجۆرێك دیاردەی بەرتیل و بەرتیلکاری لە ناو وەزارەتەکانی عێراقدا پەرەی سەندووە، لەوانەیە زۆر کاری یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەئاسانی جێبەجێ نەکرێت. ئەمە بێجگە لە گەندەڵییەکانی بە قاچاخ بردنی نەوت و گرێبەستەکانی کڕینی دەرمان و ئەو پارەیەی بۆ کارەبای نیشتمانی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەمانە چەندین گرفتیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ئاستی گەندەڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە ئاستی گەندەڵی حکومەتی بەغدا نزمترە.

٢. دامەزراوە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قۆناخی راگواستندا تێدەپەڕێت. ئەمەش واتە لەسەر نەریت و کولتوری ئابوورییەکی ناوەندییەوە هەنگاو بۆ ئابووری بازاڕ هەڵدەگرین، ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت ئەگەر سەیری ئەزموونی هەموو وڵاتانی جیهانیش بکەین دەبینین هەموو وڵاتان کە بەم قۆناخەدا تێپەڕیون رووبەڕووی ئەم دیاردە ترسناکە بوونەتەوە. بۆیە زۆر گرنگە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە وەك دیاردەیەکی نیشتمانی وەربگرین

●●●

**لە تازەترین لێدوانی رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٨ باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە بەغدا، ئاستی گەندەڵی لە ناو حکومەتی عێراقدا بە بەرەیەکی دیکەی شەڕی دژە تیرۆر و بە یاخیبوونیکی چەکداری دیکە (وەک یاخیبوونی چەکدارەکانی سوننە لە ساڵی ٢٠٠٦بە ناوی مقاوەمەوە) حساب بکات مانای وایە ئاستی گەندەڵی لە عێراقی ٢٠٠٨ زۆر بەرزترە لە عێراقی ٢٠٠٧**

●●●

●●●

**شەڕی گەندەڵی تەنها بە بڕیارێک یان پێکهێنانی دەستەیەک یان لیژنەیەک لەلایەن حکومەتەوە ناکرێت و حکومەتی عێراق باشترین نموونەیە کە چەند ساڵێکە لیژنەی نەزاهەی دامەزراندووە و رۆژ لە دوای رۆژیش دیاردەی گەندەڵی زیاتر دەبێت**

●●●



و دەبێت هەموو بەشداربین بۆ ئەوەی بەسەر ئەم دیاردەیەدا زاڵبین، کاتێك دەبینین حکومەت ئامادەباشی تێدایە بۆ ئەوەی بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە، پێویستە پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەش وەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پیاوانی ئایینی و میدیاکان و پارتە سیاسییەکان ئەرکی خۆیان بزانن و رۆڵی کاریگەر لەم هەڵمەتەدا بگێڕن و دەبێت هەموو بگەینە ئەو قەناعەتەی کە شەڕی گەندەڵی تەنها بە بڕیارێك یان پێکهێنانی دەستەیەك یان لیژنەیەك لەلایەن حکومەتەوە ناکرێت و حکومەتی عێراق باشترین نموونەیە کە چەند ساڵێکە لیژنەی نەزاهەی دامەزراندووە و رۆژ لە دوای رۆژیش دیاردەی گەندەڵی زیاتر دەبێت.

## ئەرکی میدیا بۆ رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی

میدیاکان رۆڵیکی گرنگ دەگێڕن لە شەڕی گەندەڵیدا، هەربۆیە پێویستە میدیا هاوشانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان و پیاوانی ئاینی، دەبێت رۆڵێکی پێشەنگ و کاریگەر بگێڕێت و دەبێت لەم پێناوەشدا هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ و ئامانجی خۆی بەپێی چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم شەڕە دیاری بکات و هەروەها دەبێت لەو کاتەی گوشار دەخاتە سەر حکومەت بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی هەبێت لەسەر دیاردەی گەندەڵی، دەبێت هاندەریش بێت بۆ ئەوەی حکومەت لە هەنگاوی بچوکەوە هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرێت، هەربۆیە دەبێت ئەرکی میدیا لەم شەڕەدا لەم خاڵانەدا چڕ بکرێتەوە:

١. دەبێت میدیا بوێر بێت لە ئاشکراکردنی دیاردەی گەندەڵی، بۆ ئەمەش پێویستە لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی ئەنجامبدات و گەندەڵیەکان بە دیکۆمێنت و بەڵگە ئاشکرا بکات .

٢. لەم قۆناخەدا پێویستە میدیا زۆر ئاگاداری متمانەی خۆی بێت، هەمیشە دەبێت ئاگای لەوە بێت متمانەی خۆی نەدۆڕێنێت و کارێك نەکات کە هاوڵاتیان بە گومانەوە هەواڵ یان لێکۆڵینەوە رۆژنامەوانییەکانی بخوێنێتەوە، دەبێت ئەوە لای هاوڵاتیان بچەسپێنێت، کە کاری میدیا کاری پارتێکی ئۆپۆزسیۆن نییە کە ئامانجی رووخاندنی حکومەتە، بەڵکو کاری میدیا پیشاندانی راستییەکان و هاندانی حکومەتە بۆ حکومڕانی باش.

٣. میدیا ئەگەر لە هەنگاوی یەکەم و دووەم سەرکەوتوو بوو ئیدی دەتوانێت زەمینەیەك بۆ دروستکردنی رایەکی گشتی بۆ سەر دیاردەی گەندەڵی دروست بکات.

٤. پێویستە میدیا بایەخ بەو لێکۆڵینەوە رۆژنامەوانیانە بدات کە مەترسی و کاریگەرییە سلبییەکانی گەندەڵی لەسەر کۆمەڵگە پیشان دەدات، ئەم ئەرکە ئەگەر بەباشی ئەنجامبدرێت دەبێتە باشترین فاکتەر بۆ هۆشیار کردنەوەی هاوڵاتیان بەرامبەر دیاردەی گەندەڵی و دروستکردنی رۆشنبیرییەکی دژە گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا .

٥. میدیا دەبێت لەسەر ئەو خاڵانەش رۆڵی کاریگەری هەبێت کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم خۆیدا، هەربۆیە زۆر گرنگە هەمیشە هاندەربێت بۆ سەروەری یاسا لە کۆمەڵگە و هاوڵاتیان لە مەترسی پابەند نەبوون بە یاسا ئاگادار بکاتەوە یان ئەگەر حکومەت لەو یاسایانە لایدا یان پابەند نەبوو پێیانەوە دەبیت میدیا پەردەیان لەسەر هەڵماڵێت.

٦. دەبێت میدیا گوشار لەسەر حکومەت دروست بکات بۆ ئەوەی شەفافییەت لە کاری حکومەتدا هەبێت و رۆژنامەنووس بەپێیێ یاسا سەرچاوەی زانیاری دەست بکەوێت، بێگومان مەبەست لە سەرچاوەی زانیاریش ئەو زانیاریانە نییە کە دەکەونە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، بەڵام زانیاری دیکە کە دوای هەنگاوەکانی دروستکردنی پرۆژەیەك یان چۆنییەتی خەرجکردنی بودجەیەك، دەبێت میدیا ئەمە قبوڵ نەکات نهێنی بن.

٧. پێویستە لە نێوان دەزگاکانی راگەیاندندا هەماهەنگییەك هەبێت، مەبەست لە هەماهەنگی ئەوە نییە پێکەوە لێکۆلینەوەی رۆژنامەوانی ئەنجامبدەن، یان رۆژنامەیەك هەواڵێکی دەست دەکەوێت بە هەموو هۆیەکانی راگەیاندا دابەشی بکات، بەڵکو پێویستە هەماهەنگی هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەلەکردنی میدیا لەگەڵ ئەم دیاردەیە، واتە ئەم دیاردەیە نەکرێت بە هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی نادروست ناو زڕاندنی ئەنقەست، یان دوژمنایەتی کەسێك. هەروەها پێویستە میدیا هەماهەنگ بێت لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتیش دەبێت وەك هاوکار مامەڵە لەگەڵ دامەزراوە رەسمییەکان بکات و پێشوەختە ئەوە بسەلمێنێت کە کاری میدیا بەیەکگەیاندنی لایەنە پەیواندارەکانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی سلبی هەنگاو هەڵنەگرێت، میدیا لێکۆلینەوە دەکات، ئەرکی میدیا لێپرسینەوە و تاوانبارکردنی کەس نیە، بەڵکو ئەرکی میدیا هەر ئەوەندەیە راستگۆیانە زانیاریەکانی ژوورە کلیلدراوەکان بخاتە بەردەم رای گشتی و دەسەڵاتی دادوەری، ئەوە ئەرکی یاسایە کە کێ دەکاتە تاوانبار و کێش ئازاد دەکات.

بۆ زیاتر رۆچوون لەسەر ئەم پرسە، کۆمەڵێك ئابووریناس لەسەر ئاستی جیهان بەشداری ئەم راپۆرتەیان کردووە، کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.

●●●

**میدیاکان رۆڵیکی گرنگ دەگێڕن لە شەڕی گەندەڵیدا، هەربۆیە پێویستە میدیا هاوشانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان و پیاوانی ئاینی، دەبێت رۆڵێکی پێشەنگ و کاریگەر بگێڕێت**

●●●

●●●

**لەم قۆناخەدا پێویستە میدیا زۆر ئاگاداری متمانەی خۆی بێت، هەمیشە دەبێت ئاگای لەوە بێت متمانەی خۆی نەدۆڕێنێت و کارێک نەکات کە هاوڵاتیان بە گومانەوە هەواڵ یان لێکۆڵینەوە رۆژنامەوانییەکانی بخوێنێتەوە**

●●●



**گەندەڵی وەک نەخۆشی درم وایە کە تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە**

پرۆفیسۆر رۆبەرت ئەی مەندڵ، کە ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیۆیورك یەکێکە لەو ئابووریناسە گەورانەی جیهان کە لە ســاڵی ١٩٩٩ خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشــراوە، ئەمەش وەك رێزلێنانێکی جیهانی بۆ ئەو باسە گرنگە ئابوورییانەی پێشکەشــی مرۆڤایەتی کردووە، پرۆفیسۆر مەندڵ لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان بەتایبەتی زانکۆکانی ناوەڕاست و باکووری ئەمریــکا، ئەورووپــا و ئەفریقیا وانەی گوتۆتەوە و راوێژکاری چەندین ئاژانســی نێودەوڵەتی بــووە، وەك نەتەوەیەکگرتوەکان وسندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و هەروەها راوێژکاری حکومەتی کەنەداش بووە بۆ سیاسەتی ئابووری .
جێگەی ئاماژە پێکردنیشە گوڵان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ دیمانەیەکی لەگەڵ پرۆفیسۆر رۆجەر ماریسۆن وەرگری خەڵاتی ئابووری بۆ ســاڵی ٢٠٠٧ ئەنجامدا و لەکاتی خۆی بڵاو کردەوە، بەمەش گوڵان یەکەم بڵاوکراوەیە لەســەر ئاســتی عێراق و کوردستان لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا دیمانەی تایبەت لەگەڵ دوو وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئابووری ئەنجامبدا.
مەندڵ، کە ئەم وەرزە لە ئیتاڵیایە، باســەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێردراوە، باسەکانیشــی خزمەتی سیاســەتی ئابووری و نەختی سەرجەم گەلانی جیهان دەکات، هەربۆیە وەك کەسێکی دیارو ناسراو لەسەر ئاستی جیهان، گۆڤاری گوڵان حەزیکرد پرســە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ تاوتوێ بکات . هەربۆیە کاتێك پەیوەندیمان پێوەکرد زۆری بەلاوە ســەیر بوو کە ئێمە دەمانەوێت ئەم باســە لەگەڵ ئەو تاوتوێ بکەین، لەبەر ئەوە مەرجی ئەوەی بۆ دانابن کە پرســیارەکانی بــۆ بنێرین و بزانێت ئێمە وەك گــوڵان دەمانەوێت چی لەگەڵدا باس بکەین، پاش ئــەوەی وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئابووری پرسیارەکانی گوڵانی خوێندەوە، ئاگاداری کردینەوە کە نەك هەر ئامادەیە وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە، بەڵکو پێی راگەیاندین کە بەنووســین وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانتان دەدەمەوە و پاشــان پێکەوە موناقەشە دەکەین، گوڵان وێڕای دەربرینی سوپاسی زۆری بۆ پرۆفیسۆر مەندڵ پاش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی لە مەندڵەوە پێگەیشت، بۆ ماوەی ٢٠ خولەکی لەبەر رۆشنایی وەڵامەکان موناقەشەی لەگەڵ مەندڵ کردووە و دیمانەکەی فراوانتر کردووە، پرۆفیسۆر مەندڵ خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بەم هەوڵە پرۆفیشــناڵیەی گوڵان دەربڕی و ئامادەباشی پیشاندا کە بەردەوام ئامادە دەبێت هاوکاری گوڵان بکات. ئەمەش دەقی وتوێژی گوڵان و پرۆفیســۆر مەندەڵە ســەبارەت بە چۆنیەتی رووبەڕووبونەوەی دیاردەی گەندەڵی بەگشتی و بەتایبەتی لە کوردستاندا.

**ناکرێت لە ڕێی حکومەتەوە هەڵبستین بە نەهێشتنی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا ئەگەر پێشتر لە حکومەتدا بنبڕمان نەکردبێت**

## ڕۆبەرت ئەی مەندڵ وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئابووری بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شەڕی گەندەڵیدا زیاتر دەبێت ئەگەر سەرکردە سیاسیەکان و پیاوانی ئاینی پشتگیری لێبکەن

### گەندەڵی هۆکاری هێنانەخوارەوەی ئەخلاقی کۆمەڵگایە

*** گەندەڵی دیاردەیەکە سەردەکێشێت بۆ هەرەسهێنانی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بە شێوەیەکی جیددی بەرەنگاری ببینەوە، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە؟**

-گەندەڵی وەك نەخۆشی درم وایە کە تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە. هەرکاتێك خەڵکی ئەوەیان بەدی کرد کە گەندەڵی بڵاو بۆتەوە و ئەوانی دیکە لەم ڕێیەوە دەوڵەمەند دەبن، ئەوا هەست دەکەن ئەوان لەم ڕووەوە دوا کەوتوون. کاتێك گەندەڵی بە چەشنێکی بەرفراوان بڵاو دەبێتەوە، ئەوا دەبێتە هۆی هێنانەخوارەوەی قیبلەنمای ئەخلاقی تێکڕای کۆمەڵگەکە. ئەو کاتە چاوپۆشی لە گەندەڵی دەکرێت لەبەر ئەوەی « هەموو لایەك گەندەڵی دەکات».

دەبێت لەسەر ئاستێکی هەرە بەرزی سەرکردایەتی سیاسی حکومەت هەڵبستێت بە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی. دەبێت سەرکردە سیاسیەکان نموونەیەکی باڵا بن و خەڵکی چاویان لێبکەن. دەبێت ئەوان بە ئاستی بەرزی ئەدای شەخسیان ئاستێك بۆ گەندەڵی دابنێن. مووچەی کەم بیانویەك نیە بۆ بەرتیل وەرگرتن و یان وەرگرتنی هەر پارەیەکی دیکە بە شێوەیەکی نایاسایی.

بە زۆری، ئەگەر بە شێوەیەکی سەرەکیش نەبێت، گەندەڵی لە حکومەتدا سەرهەڵدەدات. ناکرێت لە ڕێی حکومەتەوە هەڵبستین بە نەهێشتنی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا ئەگەر پێشتر لە حکومەتدا بنبڕمان نەکردبێت. دەبێت حکومەت سنوورەکان دابڕێژێت. دەبێت پێشێلکارەکان سزا بدرێن. من مەبەستم سزای زۆر سەخت نیە (کە ئەوەندە سەخت بێت بگاتە ئاستی ناڕەوایی) بۆ ئەو کەسانەی پێشێلکاری دەکەن. ئەوەی گرنگیەکی زیاتری هەیە ئەوەیە سزادانەکە ئەنجام بدرێت، بە ئاشکرا بکرێت کە ئابڕوچوون و دەرکردنی تێدا بێت لە پارتە سیاسیەکە.

هەروەها دەبێت هاوسەنگیەك لە نێوان سیاسەتی سزا و پاداشتدا ڕابگیرێت. گرنگە پاداشتی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە خزمەتێکی باش دەکەن لە حکومەتدا، بە هەمان شێوە پێویستە سزای ئەو کەسانەش بدرێت کە ڕەفتاری تاوانکارانە ئەنجام دەدەن. دەبێت ئەو کەسانەی لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون دووچاری بەرپرسیارێتی ڕەفتارەکانیان ببنەوە، دەبێت سیستمێکی سزادان جێگیر بکرێت. واتە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێکی جیددی لەم ڕووەوە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیە لەبەرچاو بگیرێت.

### ڕۆژنامەی ئازاد هۆشیارە بە هەواڵەکان و گەندەڵی بەرپرسەکانیش هەمیشە هەواڵە

***لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەندەڵی گرفتێکی ئاشکرایە، چاودێران باوەڕیان وایە بوونی گەندەڵی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتەکانی ڕۆژهەڵات پلانێکی ستراتیژی و تێڕوانینێکی نەتەوەییان نییە بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەم دیاردەیە، کەواتە گرنگی بوونی پلانی ستراتیژی و تێڕوانینی نەتەوەیی چیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا؟**

- گەندەڵی زیاتر لە دیکاتۆریەتدا تەشەنەدەکات نەك لە دیموکراسیەتدا. لەمەی دواییاندا، ڕۆژنامەی ئازاد هۆشیارە بە هەواڵەکان و گەندەڵی بەرپرسەکانیش هەمیشە هەواڵە. ڕۆژنامەنوسە لێکۆڵەرەوەکان (ئەوانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنوسی) هەمیشە لە بۆسەدان بۆ زەقکردنەوەی گەندەڵی و ئاشکراکردنی.

زۆرێك لە حکومەتە دیکتاتۆریەکان خوازیاری ئەوەن وەك حکومەتێکی دژە گەندەڵ دەربکەون و لەم ڕووەوە دژی گەندەڵی لێدوان دەدەن و لیژنەگەلێك پێك دەهێنن بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و چەند حاڵەتێکی ئابڕوبەر ( فاضح) ئاشکرا دەکەن و ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی ئەوان.

***تا چ ڕاددەیەك هۆشیاری خەڵك کاریگەری هەیە لە**

●●●

**دەبێت ئەو کەسانەی لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون دووچاری بەرپرسیارێتی ڕەفتارەکانیان ببنەوە، دەبێت سیستمێکی سزادان جێگیر بکرێت**

●●●

●●●

**گەندەڵی زیاتر لە دیکاتۆریەتدا تەشەنەدەکات نەک لە دیموکراسیەتدا. لەمەی دواییاندا، ڕۆژنامەی ئازاد هۆشیارە بە هەواڵەکان و گەندەڵی بەرپرسەکانیش هەمیشە هەواڵە**

●●●

**کەمکردنـــەوەی گەندەڵی، بە پێی تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین ئاستی هۆشیاری خەڵك بەرزبکەینەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە؟**

- تا ئاستی هۆشیاری خەڵك نزم بێت، ئەوا کەلێنی نێوان هۆشیاری « کەســـانی ناوەوە» و « کەسانی دەرەوە» گەورەتر دەبێت. زۆرێك لە خەڵکە ئاساییەکە بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشـــینەکاندا لـــە میکانیزمی گەندەڵی تێناگەن و تەنانەت نازانن کە بوونی هەیە. باشـــترکردن و پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری خەڵك هەمیشە سوودیان پــێ دەگەیەنێت، بـــەڵام بەس نیە بۆ نەهێشـــتنی ئەم دیاردەیە لە حکومەتە دیکتاتۆریەکاندا.

### هەژاری و دەوڵەمەندی هۆکاری گەندەڵی نین



●●●
**گەندەڵی نەفرەتێکە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی پەیڕەوی لە بازرگانی ئازاد دەکەن کە پشت بە پاراستنی سومعە و متمانە دەبەستن**
●●●

*** بە پێـــی ڕاپۆرتەکانـــی ڕێکخراوی شـــەفافیەتی نێودەوڵەتی پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری و بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی، بەڵام ئەمە ڕێگە لـــە وڵاتە دەوڵەمەندەکان ناگرێت بۆ ئەوەی ببنە ســـەرچاوەی گەندەڵی، کەواتە دەبێت چی بکرێت بـــۆ ئەوەی لە یەك کاتدا شـــەڕی هەژاری و گەندەڵی بکرێت؟**

- پەیوەنـــدی هەیە لە نێوان هەژاری و گەندەڵیدا، بەڵام نە دەوڵەمەندی و نە هـــەژاری نابنە هۆی خوڵقاندنی گەندەڵـــی. لە گەڵ ئەوەشـــدا، ئەوە راســـتە کە وڵاتە دەوڵەمەنـــدەکان، لە نێویاندا وڵاتانـــی یەکێتی ئەورووپا، وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، ئوســـترالیا، نیوزلاند و یابان ئاســـتێکی نزمتری گەندەڵیان تێدایە بە بەراورد بە وڵاتە هـــەژارەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو وڵاتانە وڵاتگەلێکی دیموکراســـین. بەڵام لە وڵاتانێکی وەك ئەمەریکای لاتیندا بە رادەیەکی بەربڵاو گەندەڵی تەشـــەنەی کـــردووە، هەروەها ئەوەش راســـتە کە ئەو وڵاتانەی تا رادەیەك ئاستێکی نزمی گەندەڵیان تێدایە، هۆکارەکەی بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کە ئازادی ئابووریان بەرجەســـتەکردووە. جیاوازیگەلێکـــی گـــەورە دەبینیت لە ئاســـتی گەندەڵی لە چوارچێـــوەی ئەو وڵاتانە، یان ناوچانەی خەسڵەتگەلێکی هاوبەشیان هەیە، وەك چین، هۆنگ کۆنگ، تایوان و سەنگافورە.

دەبێت لەکاتی گواســـتنەوە لە ئابـــووری ناوەندیەوە بۆ ئابووری ئازاد یاســـایەکتان هەبێت ئەم گواســـتنەوەیە رێکبخات

***ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بەشێکین لە عێراق، ئێمە دەســـتمان کردووە بە گرتنبەری ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت، بەڵام لەگەڵ ئەم قۆناخی ئینتقالیەشـــدا ئەوە بەدی دەکەین کە گەندەڵـــی دیاردەیەکی بەربڵاوە لێرە، کەواتە چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ ئێمە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی؟ ئایا بوونی گەندەڵی لەم قۆناخەدا دیاردەیەکی ئاساییە؟ ئایا هەموو وڵاتێك لەم قۆناخەدا ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبنەوە؟**

- من ناتوانم وەڵامێکی تێر و تەســـەلی ئەم پرســـیارە بدەمەوە. وەڵامی گشتی من ئەوەیە ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی ئەگەر کۆمەڵگەیەك خوازیار بێت سیاســـەتی بازرگانی ئازاد بگرێتەبەر و بە باشـــی ئەرکەکانی خۆی راپەرێنێت ئەوا دەبێت پشت بە سیســـتمێکی یاسایی ببەســـتێت کە چەند ڕێسایەك لە خۆبگرێت، بە چەشنێك هەڵبسێت بە سزادانی پێشێلکارانی ئەو ڕێسایانە و پاداشتکردنەوەی ئەو کەسانەی ملکەچی

دەکەن. من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئێوە سەیری ئەو گۆڤارە سالآنەیە بکەن، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و لە لایەن دامەزراوەی هێریتیج و رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵەوە دەردەچێت، کە پاشکۆیەك دەردەکات و ئەو وڵاتانە لە خۆدەگرێت کە ئازادی ئابووری پیادە دەکەن و ژمارەیان نزیکەی ١٦٠ دەوڵەت دەبن، کە سیستمێکی پلەبەندی تێدایە و دە بەش لە خۆدەگرێت. گەندەڵی نەفرەتێکە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی پەیڕەوی لە بازرگانی ئازاد دەکەن کە پشت بە پاراستنی سومعە و متمانە دەبەستن. ئەوەی پەیوەندی بە قۆناخی راگوزەریەوە هەبێت، ئەوا دەبێت جەخت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم قۆناخەدا بکەین، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بە شێوەیەك ئەنجام بدرێت کە هاوشان بێت بە هەوڵی سنوردارکردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی، دەبێت بە شێوەیەکی شەفاف ئەنجام بدرێت، پێویستە لە کاتی بە تایبەتکردندا « گۆڕینی ئابووری بە مەرکەزی کراو بۆ کەرتی تایبەت» چەند رێسایەك هەبن بۆ رێکخستنی ئەم پرۆسەیە. هەمیشە پرۆسەی بە تایبەتکردن ( خصخصە ) مەترسی ئەوەی هەڵگرتووە کە هاوشان بێت بە سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گەندەڵی، رەنگە نەتوانین باس لە ریشەکێشکردن و بنبڕکردنی گەندەڵی بکەین، بەڵام دەبێت هەوڵ و کۆشش بخەینەگەڕ بۆ کەمکردنەوە و سنوردارکردنی.

***بە پێی تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەناڵەکانی راگەیاندن و پارتە سیاسیەکان رۆڵیان هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی؟**

- من باوەڕم وایە ناتوانین دەست لە رۆڵی ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەناڵەکانی راگەیاندن و پارتە سیاسیەکان هەڵبگرین لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا، هەروەها ئەم رۆڵە چەند قات زیاد دەکات ئەگەر لەلایەن سەرکردە سیاسی و ئاینیەکانەوە پشتگیری لێ بکرێت. بۆ نموونە کەناڵەکانی راگەیاندن دەتوانن پەردە لە سەر حاڵەتەکانی گەندەڵی لابدەن و رای گشتی بوروژێنن لەم رووەوە. بەڵام رەنگە من لە گەڵ ئەو بیرۆکەیەدا نەبم کە دەبێت هاوکاریەکی پتەو لە نێوان راگەیاندن و حکومەتدا هەبێت، لەبەر ئەوەی من پێم وایە دەبێت راگەیاندن و رۆژنامەکان پتر جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە چی روودەدات لە ناو حکومەتدا، چۆن کارەکان بەرێوەدەبردرێن و ئایا تا چەند لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون، بەڵام وروژاندنی ئەم مەسەلانە لە بەرژەوەندی حکومەت و کاربەدەستانی حکومەت نییە، بۆیە ئەرکی راگەیاندن چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە.

***حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەیەکە لە چەند وەزیرێك بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا، ئایا راسپاردەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا ئەم هەوڵ و کۆششە بخرێتەگەڕ، پێویستە چەند رێ و شوێن و رێسایەکی روون دابرِژێرێت بۆ سزادانی گەندەڵکاران و بۆ بەرگرتن بە گەندەڵی، هەروەها دەبێت لەسەر هەمو, ئاستەکان پشتگیری لەم هەوڵە بکرێت لەسەر ئاستی سیاسی و ئاdینی. لەبەر ئەوەی من لە نزیکەوە لە بارودۆخی ئێوە ئاگادار نیم ئەوا ناتوانم وەڵامێکی وورد و تێر و تەسەلتان بدەمەوە و تەنها دەتوانم ئەم چەند بیرۆکە گشتییە بخەمەڕوو.



رۆبەرت ئەی مەندل لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلی ئابووری- ستۆکهۆڵم

●●●

**هەمیشە پرۆسەی بە تایبەتکردن ( خصخصە ) مەترسی ئەوەی هەڵگرتووە کە هاوشان بێت بە سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی گەندەڵی**

●●●

### ریچارد دەبلیو ران راوێژکاری ئابووری سەرۆک بوش بۆ گوڵان:

# ئەگەر سەرکردەکانی وڵات جیددی بن لە ریشەکێشکردنی گەندەڵیدا ئەوا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، بە پێچەوانەوە ناتوانن سەرکەوتوو بن

**پرۆفیسۆر ریچارد ران، وێڕای ئەوەی راوێژکاری ئابووری سەرۆك بوشە .توێژەر و پسپۆری ئابوورییە لە ئامۆژگای بە ناوبانگی کاتۆ بۆ دیراساتی ستراتیژی و سەرۆکی سەنتەری ئەوروپایە بۆ گەشەکردنی ئابووری و هەفتانەش ستوونێك بۆ رۆژنامەی واشنتۆن تایمز دەنووسێت، پێشتریش پرۆفیسۆر راند جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.**

**پرۆفیسۆر ران نووسینەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی ئەوروپا و هەروەها زمانی عەرەبیش وەرگێڕاون، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین نووسینەکانی دەکەین:**

**١- ئەوروپا نیگەرانە**

**٢- سەرکوتکاری باج**

**٣- مەرگی هەمیشەیی نەوت لەدەستی دەوڵەتدا**

**٤- لە ئیسپانیا چی روودەدات**

**٥- دینامیکییەتی دۆلار**

**٦- دۆلار لەبەرامبەر یۆرۆ**

**ئەمانەو سەدان دیراسەت و وتاری دیکە، کە لە رۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز و وۆڵستریت جۆرناڵ و ناشناڵ ئینتریست و هتد... بڵاویکردۆتەوە.**

**پرۆفیسۆر ران، شارەزایەکی گەورەی لەسەر گەشەی ئابووری و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە ئیسپانیا و ئەمەریکای لاتین هەیە، هەروەها شارەزاشە لەسەر ئابووری دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوڵان کە ئەمە جاری دووەمە لەگەڵ ریچارد ران وتووێژ دەکات، ئەمجارەیان تایبەت بە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پرۆفیسۆر رانی هێنایە ئاخاوتن، کە ئەمە دەقی ئاخاوتنەکانییەتی بۆ گوڵان.**

**دەبێت توند بین لە دژی ئەو کەسانەی لە حاڵەتەکانی گەندەڵییەوە تێوەگلاون، دەبێت سزا بدرێن و بەرپرسیارێتییەکانیان لێ وەربگیرێتەوە**

### دەبێت بەرامبەر ئەو بەرپرسانە توندبین کە لەگەندەڵییەوە تێوەگلاون

***ئەگەر پلانێکت هەبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ئایا خاڵی سەرەکی لەو پلانەدا چی دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت هەوڵ بدەیت تا ئەو ئاستەی دەکرێت دەرفەتەکانی گەندەڵی کەم بکەیتەوە و سنوورداریان بکەیت، ئەوەی گرنگییەکی سەرەکی هەیە لەم رووەوە ئەوەیە هەڵبستین بە تۆمارکردنی موڵکەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کێ چ موڵکێکی هەیە، چونکە ئەمە دەرفەتەکانی بەردەم ئەو کاربەدەست و بەرپرسانە بەرتەسك دەکاتەوە کە دەیانەوێت گەندەڵی بکەن. لە لایەکی ترەوە دەبێت توند بین لە دژی ئەو کەسانەی لە حاڵەتەکانی گەندەڵییەوە تێوەگلاون، دەبێت سزا بدرێن و بەرپرسیارێتییەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.

### دەبێت جیدی بین لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا.

***گەندەڵی دیاردەیەکە سەردەکێشێت بۆ هەرەسهێنانی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بە شێوەیەکی جیدی بەرەنگاری ببینەوە، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت ئەو کەسانەی گەندەڵکارن و بەرتیل وەردەگرن لە کارەکانی خۆیان دەربکرێن و سزا بدرێن، نابێت چاوپۆشیان لێ بکرێت و دەبێت جیدی بین لە رووبەڕووبوونەوەیاندا. سەرکردایەتیکردن گرنگییەکی زۆری هەیە لەم رووەوە، ئەگەر سەرکردەکانی وڵات جیدی بن لە ریشەکێشکردنی گەندەڵیدا، ئەوا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، بە پێچەوانەوە ناتوانن سەرکەوتوو بن.

**ئەو وڵاتانەی کۆت و بەندێکی زۆر لەسەر ئازادی ئابووری دادەنێن، دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی رێژەی گەندەڵی، لە دەرئەنجامدا گەشەکردنێکی کەمتری ئابووری و ئاستێکی بەرزتری هەژاری دروست دەبێت**

### دەبێت خەڵک لەو راستییە تێبگەن گەندەڵی زیان بەهەمووان دەگەیەنێت

*** بەپێی تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین ئاستی هۆشیاری خەڵك بەرزبکەینەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری**

**گەندەڵی ببنەوە؟**

-ئەگەر خەڵكی لەو راستییە تێبگەن كە گەندەڵی زیان بە هەموو لایەك دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی لە ناوبردنی گەشەكردنی ئابووری، لەبەر ئەوەی رێژەی وەبەرهێنان كەم دەكاتەوە، هەروەها ئەگەر بەو شێوەیە لە گەندەڵیان روانی كە ئاستەنگێكە لە بەردەم خۆشگوزەرانی ئەواندا، ئەوا پتر پشتگیری هەوڵەكانی نەهێشتنی دەكەن.

## گەندەڵی دەبێتە هۆی زیادكردنی رێژەی هەژاری

*** پەیوەندییەكی بەهێز هەیە لە نێوان بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری و بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نا كە لە وڵاتە دەوڵەمەندەكان گەندەڵی بوونی نییە، كەواتە دەبێت چی بكرێت بۆ ئەوەی لە یەك كاتدا شەڕی هەژاری و گەندەڵی بكرێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد نابێت چاوپۆشی لە گەندەڵی بكەین، هەروەها گەندەڵی دەبێتە هۆی زیادكردنی رێژەی هەژاری، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی سستكردنی گەشەی ئابووری، چونكە لە حاڵەتی باڵادەستی و تەشەنەسەندنی گەندەڵیدا رێژەی وەبەرهێنان دادەبەزێت. ئەو وڵاتانەی كۆت و بەندێكی زۆر لەسەر ئازادی ئابووری دادەنێن، دەبنە هۆی بەرزكردنەوەی رێژەی گەندەڵی، لە دەرئەنجامدا گەشەكردنێكی كەمتری ئابووری و ئاستێكی بەرزتری هەژاری دروست دەبێت.

## هەرێمی كوردستان لە پێگەیەكی باشدایە بۆ ریشەكێشكردنی گەندەڵی

*** ئێمە وەك هەرێمی كوردستان بەشێكین لە عێراق، ئێمە دەستمان كردووە بە گرتنبەری ئابووری بازاڕ و كەرتی تایبەت، بەڵام لەگەڵ ئەم قۆناخی ئینتقالییەشدا ئەوە بەدی دەكەین كە گەندەڵی دیاردەیەكی بەربڵاوە لێرە، كەواتە چ راسپاردەیەكت هەیە بۆ ئێمە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی؟ ئایا بوونی گەندەڵی لەم قۆناخەدا دیاردەیەكی ئاساییە؟ ئایا هەموو وڵاتێك لەم قۆناخەدا رووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبنەوە؟**

-من تەنها وەڵامێكی گشتیتان دەدەمەوە،، ئێوە پێویستتان بە سەكردایەتیەك هەیە كە لێبڕاوانە كاربكات، پێویستتان بە پەروەردەكردن و بەرچاو ڕوونكردنەوەی خەڵك هەیە لەبارەی ئەوەی لە حاڵەتی باڵادەست بوونی گەندەڵیدا هەموو لایەك باجەكەی دەدەن، هەرچەندە گۆڕینی بیروبۆچوون و تێڕوانینەكان كاتێكی زۆری دەوێت. بەڵام لەبەر ئەوەی كوردستان داهاتی سەروەتی نەوت بەدەست دەهێنێت، ئەوا دەبێت ئەم سەروەتە لە بەشێكیدا بۆ پاككردنەوەی حكومەت بەكاربهێنرێت لە بەرپرسە گەندەڵەكان و من پێموایە ناوچە كوردییەكە لە پێگەیەكی باشدایە بۆ ریشەكێشكردنی گەندەڵی.



ریچارد دەبلیو ران

## یەكێک لە ئەركەكانی دەزگاكانی راگەیاندن ئاشكراكردنی حاڵەتەكانی گەندەڵییە

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، كەناڵەكانی راگەیاندن و پارتە سیاسییەكان رۆڵیان هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی؟**


-یەكێك لە ئەركەكانی دەزگاكانی راگەیاندن ئاشكراكردنی حاڵەتەكانی گەندەڵییە، كە دەبێت دوای ئاشكراكردنیشی دامەزراوە پەیوەندیدارەكان هەڵبستن بە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست، بۆ نموونە پەرەپێدانی ئازادی ئابووری. هەروەها وەرگرتنی هەڵوێستی توند دژی بەرپرسە گەندەڵكارەكان و لە هەندێ حاڵەتدا زیندانیكردنیان.

●●●
**ئێوە پێویستتان بە سەكردایەتیەک هەیە كە لێبڕاوانە كاربكات، پێویستتان بە پەروەردەكردن و بەرچاو ڕوونكردنەوەی خەڵک هەیە لەبارەی ئەوەی لە حاڵەتی باڵادەست بوونی گەندەڵیدا هەموو لایەک باجەكەی دەدەن**
●●●

●●●
**لەبەر ئەوەی كوردستان داهاتی سەروەتی نەوت بەدەست دەهێنێت، ئەوا دەبێت ئەم سەروەتە لە بەشێكیدا بۆ پاككردنەوەی حكومەت بەكاربهێنرێت لە بەرپرسە گەندەڵەكان**
●●●

## راسل ئیس سۆبل ئوستادی ئابوری لە زانکۆی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# مەترسی گەندەڵی لەوەدایە کەسانێک بیکەن بە دەسەڵات بن



پرۆفیسۆر راسل ئیس سۆبل، ئوستادی ئابووری و ئوستادی کۆرسی جیمس کلارك کۆفمانە لە زانکۆی رۆژئاوای ڤێرجینیا و پســپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئابوری و ئابوری بازاڕ، هەروەها دەرکەوتنی گەندەڵی لە قۆناخی گواستنەوە لە ئابوری ناوەندییەوە بۆ ئابوری بازار و ئازاد، ســەبارەت بەچۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و رۆڵی میدیاکان لە رووبەروبونەوەیەدا، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر راسل کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.

رۆژنامەی ئازاد و سنوودارنەکراو دەتوانێت ئەو خەڵکانە بخاتەگەڕ کە دەبنە چاوی چاودێر بەسەر ئەوەی کە روودەدات

حکومەتی گەندەڵ ئاستەنگێکە لە بەردەم خۆشگوزەرانی هاوولاتیاندا

کێشەکە ئەوەیە دەسەڵاتی زۆر، یاخود کەڵەکەبوونی دەسەڵات دەبێتە هۆی رووداتی گەندەڵی، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی توانایان هەیە گەندەڵی بکەن، هەر ئەو کەسانەن کە کۆنترۆڵی بریار و سەرچاوەکان دەکەن، کەواتە نابێت دەسەڵاتێکی زۆر بە حکومەت بدرێت و دەبێت لێپرسینەوە و چاودێری هەبێت

### رۆژنامەی دەتوانێت ئەو خەڵکانە بخاتەگەڕ کە دەبنە چاوی چاودێر بەسەر ئەوەی کە روودەدات

***میدیا یەکێکە لە هۆکارە گرنەکان لەشەڕی گەندەڵیدا، ئایا تاچ ئاستێك میدیا دەتوانێت لە ئاشکراکردنی گەندەڵیدا رۆڵی هەبێت؟**

- دەبێت ئەو یاسایانە دابڕێژرێن کە دەرفەت بە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان دەدەن بۆ ئەوەی ئازادانە راستیەکان بڵاو بکەنەوە، هەروەك ئەوەی لە ئەمەریکادا هەیە کە یاسای ئازادی رادەربڕین هەیە، بێ ئەوەی سڵ بکەنەوە، یان ترسی ئەوەیان هەبێت حکومەت تۆڵەیان لێبکاتەوە. هەروەها دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن نە پەیوەندیان لە گەڵ حکومەتدا هەبێت و نە دارایشیان لە لایەن حکومەتەوە دابین بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر شتێکیان بڵاوکردەوە پێچەوانەی بیر وبۆچونی حکومەت بوو ئەوا هەڕەشەی بڕینی داراییان لێدەکات، بەو پێیە دەبێت ئەو دەزگایانە پارە و سەرچاوەی خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن. من پێم وایە رۆژنامەی ئازاد و سنوودارنەکراو دەتوانێت ئەو خەڵکانە بخاتەگەڕ کە دەبنە چاوی چاودێر بەسەر ئەوەی کە روودەدات، دوو لە حاڵەتە گەورەکانی گەندەڵی لە ویلایەتەکەی مندا ڤێرجینیا لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە بۆ رای گشتی ئاشکرا کران، یەکێکیان لە لایەن رۆژنامەیەك و ئەوی دیکەیان لە لایەن کەناڵێکی تەلەفزیۆنییەوە.

### زۆرجار بە هۆی گەندەڵی بەرپرسەکانەوە خەڵکەکە دووچاری هەژاری دەبن

*** هاوکات لەگەڵ ئەوەی شەڕی گەندەڵی بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، شەڕی هەژاریش بایەخی پێدەرێت، ئایا پەیوەندیەك لەنێوان هەژاری و گەندەڵیدا هەیە؟**

- من پێم وایە تا رادەیەکی گەورە ئەم دوو مەسەلەیە دوو مەسەلەی سەربەخۆن، لەبەر ئەوەی گەندەڵی لە وڵاتە هەژار و دەوڵەمەندەکاندا بەدی دەکرێت، زۆرجار بە هۆی رەفتاری خراپی کاربەدەستانی حکومی و گەندەڵی بەرپرسەکانەوە خەڵکەکە دووچاری هەژاری دەبن. حکومەتی گەندەڵ ئاستەنگێکە لە بەردەم خۆشگوزەرانی هاوولاتیاندا. بەو پێیە نەهێشتنی گەندەڵی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك و کەمکردنەوەی هەژاری.

### گرنگە سیستەمی دادوەری سەربەخۆ بێت

***چاودێران باوەڕیان وایە بوونی گەندەڵی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت پلانێکی ستراتیژی و تێڕوانینێکی نەتەوەی نییە بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە، کەواتە گرنگی بوونی پلانی ستراتیجی و تێڕوانینی نەتەوەی چیە لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا؟**

- ئەوەی گرنگە چەند یاسا و رێسایەك هەبن و ئەو یاسا و رێسایانەش بسەپێنرێن، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزگای یاسادانان هەیە، کە بریتیە لە کۆنگرێس، هەروەها سیستەمی قەزائی هەیە کە بریتیە لە دادگاکان، دەزگاکانی پۆلیس و گرتوخانەکان، کە ئەمانە دەزگاکانی سەپاندنی یاسان، واتە گرنگە سیستەمێکی قەزائی سەربەخۆ هەبێت کە بە باشی ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات.

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەرکەسێك لە گەندەڵیەوە بگلێت سزا دەرێت بەڵام سزادانی هەر کەسێك کە لە گەندەڵیەوە تێوەگلاوە دەوەستێتە سەر جۆری ئەو گەندەڵیەی کە کراوە و کە روویداوە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەیەکە لە چەند وەزیرێك بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا، کە ئەمەش پێویستی بە پشتگیریکردنی بەهێز هەیە، ئایا راسپاردەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- کێشەکە ئەوەیە دەسەڵاتی زۆر، یاخود کەڵەکەبوونی دەسەڵات دەبێتە هۆی رووداتی گەندەڵی، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی توانایان هەیە گەندەڵی بکەن، هەر ئەو کەسانەن کە کۆنترۆڵی بڕیار و سەرچاوەکان دەکەن. واتە ئەگەر دەسەڵاتێکی گەورەی بڕیاردان هەبوو ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوە دەکرێت گەندەڵی سەرهەڵبدات. کەواتە نابێت دەسەڵاتێکی زۆر بە حکومەت بدرێت و دەبێت لێپرسینەوە و چاودێری هەبێت و کەسانێکی دیاری کراو لە حکومەتدا مەسەلەکان لە رای گشتی و لە دەزگاکانی راگەیاندن نەشارنەوە.

### دەبێت بنەماکانی سەروەریی یاسا لەقۆناخی پەروەردەکردندا بچەسپێنرێن

***بۆ ئەوەی پلانێکی درێژخایەن دابنێین بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەبێت بایەخ بە پەروەردە بدرێت، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- دەبێت لە کەرتی پەروەردەدا بایەخ بە چاندنی ئەو بەهایە بدرێت کە دەبێت رێز لە موڵکایەتی ئەوانی دیکە بگیرێت و نابێت دژی خواستی خۆیان لێیان زەوت بکرێت، هەروەها بنەمای بنەڕەتی لە پەرەوەردەدا کە دەبێت لە ناخیاندا بچەسپێنرێت بریتیە لە رێزگرتن لە یاسا و ئەوەشیان بۆ روون بکرێتەوە کە شکاندن و پێشیلکردنی یاسا سزای بە دواوەیە.

*** ئەگەر نەتوانرێت گەندەڵی بوەستێنرێت، و گەندەڵی بەردەوام بێت، ئایا ئاکامەکانی چی دەبێت لەسەر کۆمەڵگە؟**

- ئەگەر گەندەڵی تەشەنە بکات، ئەوا ناتوانرێت سیستەمێکی ئابووری باش و گەشەپێدان بەدی بهێنرێت، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی باڵادەست بوونی گەندەڵیدا کەسانێکی کەم کۆنترۆڵی دەسەڵات و سەرچاوەکان دەکەن و ئەو کاتە پیاوانی کاری کەرتی تایبەت ناتوانن هەڵبستن بە ئەنجامدانی پرۆژەکانییان لە دروستکردنی رێگا و بان و پرۆژەکانی دیکە لەبەر ئەوەی لەو خەڵکانە دەترسن کە دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە و سڵ لەوە دەکەنەوە لە دژیان بەکاری بهێنن. واتە گەندەڵی کەشی ترس دەخوڵقێنێت. بەڵام ئازادی پەیوەستە بە ئەنجامدانی ئەو کارەی دەیخوازیت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئازادی ئەوانی دیکە پێشێل دەکەیت. ئەگەر کەسێك بکوژێت ئەوا دەبێت ترسی ئەوەت هەبێت حکومەت بە دواتدا بگەڕێت و یاسات بەسەردا بسەپێنێت، بەڵام ئەگەر وتارێك بۆ رۆژنامەیەك بنووسیت، یان پرۆژەیەکی بازرگانی ئەنجام بدەیت، ئەوا نابێت نیگەران بیت.

## باربارا نۆست پسپۆری ئابووری لەزانکۆی بێرگامۆی ئیتاڵی بۆ گوڵان:

# ئەگەر هاووڵاتیان هۆشیار نەبن و داوای مافەکانی خۆیان نەکەن گەندەڵی بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت



**خاتوو باربارا نۆســت، پسپۆر و تایبەتمەندە لەســەر ئابووری و کارگێری لە زانکۆی بێرگامۆی ئیتاڵی و یەکێکە لە ئەندامی ئەو تیمانەی ئیتالیا کە بۆراهێنان و مەشــقپێکردنی کارمەندانی دەوڵەتەکانی دوای شــەڕ، بۆ ئەم کارەش ســەردانی ناوچەی بەڵکانی کردووە راوێژکاری تیمەکانی مەشق و راهێنانی کارگێڕی بووە، هەروەها خاتوو باربارا ســەردانی عێراقی کردووە و لەچەند شارێکی عێراقیشدا ئەرکی مەشق و راهێنانی بەڕێوەبردووە، لەوانە پارێزگای زیقار لەســەر بودجەی حکومەتی ئیتاڵیا سەرپەرشتی مەشــقی کارمەندانی پارێزگای زیقاری کردووە لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کارە حکومییەکان لە سیستەمی لامەرکەزیەتدا، بوارەکانیش بریتی بووە لە حکومەتی لۆکاڵ، پەرەپێدان، دەسپێکردن بە پرۆژەی بچووک و هەوڵدان بۆ بەشداری نێودەوڵەتی، بێجگە لەعێراق باربارا لە ئۆگەندا و ئەسیوبیا و مەکدۆنیا و بۆسنەو هەرزەگۆڤینیا مەشق و راهێنانی کارگێڕی ئەنجامداوە، کە ئامانجی ئەم هەموو مەشــق و راهێنانەش وەك هاریکارییەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتانی دوای شــەڕ بۆ ئەوە بووە کە رێگە نەدرێت لەگەڵ قۆناخی بونیادنانەوەدا دیاردەی گەندەڵی سەرهەڵبدات، هەر بۆیە بەپێویستمان زانی پەیوەندی بە خاتوو باربارا بکەین سەبارەت بە چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ووتووێژێك بکەین، ئەمەش دەقی قسەکانی خاتوو بارباراڕایە بۆ گوڵان.**

### بۆ روبەرووبوونەوەی گەندەڵی دەبێت ئیرادەیەکی سیاسیی هەبێت

***گەندەڵــی دیاردەیەکە دەبێت شــێوەیەکی جیددی بەرەنــگاری ببینەوە، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە؟**

- لە راســتیدا ئەوە دەوەستێتە ســەر ئەوەی ئێمە باس لە چ جۆرە گەندەڵیەك دەکەین، بۆ ئەوەی رێگاچارە و رێ و شوێنی پێویست و پەیوەندیدار بگرینەبەر بــۆ رووبەڕوبوونەوەی، بۆ نموونە ئەگەر گەندەڵی لە ئاســتێکی باڵادا بوونی هەبێت و ئەگەر لە سەر هەموو ئاستەکاندا تەشەنەی کردبێت ئەوا چارەسەرکردنی زەحمەت دەبێت، بەڵام رەنگە یەکێك لە رێگاکانی روبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە بریتی بێت لە بەرزکردنەوەی ئاســتی هۆشــیاری خەڵك لە ئاست رەنگدانەوە و کاریگەریە خراپ و زیان بەخشــەکانی گەندەڵی لەســەر داهاتی گشــتی ووڵاتەکە، کە ئەمەش ئاکامی خراپی دەبێت لەسەر گوزەرانی هاوڵاتیان.

من پێموایە ئەگەر ســەرکردایەتی سیاســی لە سەر ئاستێکی باڵا پشتگیری هەوڵەکانــی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نەکەن و پشــتیوانی ئەو دەزگا، یان دەستە، یان لیژنەیە نەکەن کە لە پێناو نەهێشتنی گەندەڵی پێکهاتووە ئەوا ئەو هەوڵانــە هیچ ئاکامێکیان نابێت لە مــەودای دووردا. واتە دەبێت ئیرادەیەکی سیاســی هەبێت لە سەر ئاســتی نەتەوەیی، فیدراڵی، یان مەحەلی لە پشت ئەم هەوڵ و کۆششــانەوە بۆ بەگژداچوونــەوەی گەندەڵی. زۆرجار گەندەڵیَ کێشەیەکە لەو حکوماتەنەدا سەرهەڵدەدات کە بە قۆناخی راگوزەریدا تێدەپەڕن، یاخود دووچاری تەنگژەی سیاسی هاتوون، یان بە بارودۆخی شەڕدا گوزەریان کــردووە، بەڵام دەبێت هەوڵەکانــی دژایەتیکردنی گەندەڵی لە ســەر هەموو ئاســتەکان و لە ناو هەموو دامەزراوەکاندا بخرێتەگەڕ. پوختەی مەســەلەکە ئەوەیە دەبێت ئیرادەی سیاســی و سەرکردایەتی سیاسی پاڵپشتی ئەم هەوڵانە بن.

### دەبێت خەڵک فێری ئەوە بن داوای مافەکانی خۆیان بکەن و دژی گەندەڵی بوەستنەوە

*** هاووڵاتیان رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەســەر ئاستی بەرزی ونزمی گەندەڵی لــە کۆمەڵگەدا، ئەمەش بەو مانایە ئەگەر هاووڵاتیان هۆشــیار بن دیاردەی گەندەڵــی کەمتر دەبێت، ئایــا چۆن بتوانین هاوڵاتیانیــش فاکتەرێك بن بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی؟**

- ئەگــەر بە بەردەوامی بەرپرســەکان گەندەڵی بکەن و خەڵکی لەســەر ئەو نەریتــە راهاتبن کە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لــە دەزگاکانی حکومەتدا پەنا بــۆ بەرتیل و بەرتیلکاری ببەن، ئەگــەر خەڵکی فێری ئەوە نەبووبێتن داوای مافەکانی خۆیان بکەن و دژی گەندەڵی بوەستنەوە، ئەوا ئەمە خۆی لەو خۆیدا کێشەیەکی گەورەیە. بەو پێیە دەبێت ئاستێکی باڵای هۆشیاری لە ناو خەڵکدا بوونــی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن هەڵمەتەکانی دژە گەندەڵی بخەنەگەڕ، دەبێت لەم رووەوە رۆژنامە و دەزگاکانی راگەیاندن و وێستگەکانی رادیۆ رۆڵی خۆیان هەبێت و ئەوە بۆ خەڵکی روون بکەنەوە نابێت بەرتیل لە بڕی خزمەتگوزاریەك بدەن کە پێویستە بە بێ بەرامبەر بۆیان دابین بکرێت.

### دەبێت ئەو روون بکرێتەوە کە پەیوەندییەکی بە تین هەیە لە نێوان تەشەنەسەندنی گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی هەژاریدا

***کەواتە ئەو میکانیزمانە چین کە پێویستن بیگرینەبەر لەشەڕی گەندەڵیدا؟**

- رەنگە من نەتوانم ئاماژە بە چەند رێ و شوێنێکی دیاری کراو بکەم، بەڵام هەروەك پێشــتر ئاماژەم پێکرد دەبێت ئاستی هۆشــیاری خەڵك بەرزبکرێتەوە، بــەوەی گەندەڵی دەبێتە هــۆی کەمکردنەوەی داهاتی گشــتی و ئەمەش سەردەکێشــێت بۆ بڵاوبوونەوەی هەژاری، واتە دەبێت ئــەو روون بکرێتەوە کە پەیوەندیەکی بە تین هەیە لە نێوان تەشەنەســەندنی گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی هەژاریــدا. هەروەها دەبێت بایەخ بە پەرەپێدانی پەروەردە بدرێت، بۆ نموونە هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە جەخت لەسەر مافەکانی هاوڵاتی بوون بکرێتەوە و دەبێت خەڵکی بەو شــێوەیە پەروەردە بکرێن کە پێداگیری لە سەر مافەکانیان بکەن، ئەگەرنا بەرپرســە گەندەڵەکان بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبن لە ســەر رەفتارەکانی خۆیان.

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەناڵەکانی راگەیاندن و پارتە سیاســیەکان رۆڵیان هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی؟**

- رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی دەتوانن رۆڵێکی گــەورە ببینن و بینیویانە، بە تایبەتی لە مەســەلەی زەقکردنەوەی بوونی دیاردەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری خەڵك لە ئاست ئەم دیاردەیەدا، بۆ نموونە رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی رۆڵێکی پێشەنگ دەبینێت لەم رووەوە، کە هەڵدەستێت بە دابینکردنی بەرنامە و میکانیزمەکانی دژایەتی کردنی گەندەڵی. هەروەها نابێت رۆڵی ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بیر بکەین کە هەڵدەستن بە پەرەپێدانی پەروەردە لە نێو توێژی گەنجان و بێکاران و منداڵاندا، لە راستیدا چەندیــن بواری جــۆراو جۆر و جیاواز هەن بۆ خســتنەگەڕی هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

**ئەگەر گەندەڵی لە ئاستێکی باڵادا بوونی هەبێت و ئەگەر لە سەر هەموو ئاستەکاندا تەشەنەی کردبێت ئەوا چارەسەرکردنی زەحمەت دەبێت**

**دەبێت ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت لە سەر ئاستی نەتەوەیی، فیدراڵی، یان مەحەلی لە پشت ئەم هەوڵ و کۆششانەوە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی**

**دەبێت خەڵکی بەو شێوەیە پەروەردە بکرێن کە پێداگیری لە سەر مافەکانیان بکەن، ئەگەرنا بەرپرسە گەندەڵەکان بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبن لە سەر رەفتارەکانی خۆیان**

**بڕیاری دروستکردنی هێزەکانی سەحوە دوور لە خواستی مالیکی بوو، نەشیتوانی هیچ بکات**

**چاودێرانی سیاسیی لەو بڕوایەدا نەبوون د.مالکی ئەو هەڵەیە دووبارە بکاتەوە سنوری جەعفەریش ببەزێنێت**

گومانی تێدانییە د.مالکی لەم مانۆرە سەربازییەی لە سنوری پارێزگای دیالـــە ئەنجامیدا، بەو قســـەیەی ئەمریکییەکان تێکەوتووە کە دوای شـــەری بەسرا و لە وەڵامی گلەییەکانی خۆیدا پێیان گوتبێت :ئەگەر تۆ ئەتوانیت دەســـەڵاتی خۆت بەســـەر هەموو عێراقدا بسەپێنیت، ئێمەش پشتگیریت دەکەین بەمەرجێ ئاڵۆزی گەورەی لێ پەیدا نەبێت .

هەربۆیە مالکی دوای شەری بەسرا ( کە لە بنەرەتدا شەرەکە هێزەکانـــی ئەمریکا ئەنجامیاندا ) حەزی ژەنراڵی لە کەلەیدا و پێـــی خۆش بوو ئەمجارەیان وەك فەرماندەی گشـــتی هێزە چەکدارەکانی عێراق نمایشێکی سەربازیش بەرامبەر پێشمەرگە و ناوچە کوردســـتانیەکانی پارێزگای دیالـــە ئەنجامبدات، هەندیك لە شـــرۆڤەوانانی ســـەر بە ئەو پێیـــان وابوو ئەگەر مالکیی لە خانەقین ســـەرکەوتوو بوایە لە مەخمور و شەنگار و شێخان و بەعشـــیقەش هێزی خۆی تاقیدەکردەوە، بەڵام کە سەرۆکی کوردستان ئینزاری دایە ئەوە پاروی تۆنییە و عێراقی ئەمرۆ عێراقی رێککەوتـــن وتەوافق و راوێژکردنە، تەرازووی هێـــز جارێکی دیکە بـــە جۆرێکی دیکە شـــکایەوە و بۆیان دەرکەوت کورد و ســـەرکردایەتیەکەی کە دێتە پێشەوە و دەست بۆ دیالۆگ و پێکەوە ژیان درێژ دەکات، ئەمە بەو مانایە نییە کە کورد تەسلیم بووە و دەپارێتەوە بۆ ئەوەی باردۆخەکەی لێ تێکنەچێت، بە پێچەوانەوە کورد کە ئامادەیە نەرمی بنوێنێت وئەو باردۆخ و فرســـەتەی بۆ عێراق هاتۆتە پێشـــی لەدەست نەچێت ئامانجی ئەوەیە بۆ هەتاهەتایە مێژووی رەشی عێراق کۆتایـــی بێت و مێژوویەکی نوێ لە عێراقدا دەســـت پێبکات کە ئەویش دەســـپێکی پێکەوە ژیانی ئارەزومەندانەی تێکرای پێکهاتەکانە لەچوارچێوەی عێراقدا.

## ئەمریکییەکان ئەگەر ئیرادەی کوردیش تاقیبکەنەوە رەفتاری وەک د. مالیکی ناکەن

لە هاوکێشەی سیاسیدا هەموو لایەنەکان هەوڵدەدەن بەشێوەیەك لە شـــێوەکان پێگەو ســـەنگی لایەنی بەرامبەر تاقیبکەنەوە، تەنانـــەت ئەمریکییەکان و UNلەم بوارەدا درێغیان نەکردووە، بەڵام ئـــەوان پێش ئەوەی ئیرادەی بەرامبـــەر تاقیی بکەنەوە ئاســـتی پێگەی دەزانن و لە خانەیەکـــی گوماندا هەوڵدەدەن شتێك زیاتر کۆمبرۆمایز بە لایەنی بەرامبەر بکەن، کاتێکیش وەڵامدەدرێنـــەوە زووتر لە لایەنە عێراقیـــەکان تێدەگەن و بە ئاشـــکراش رایدەگەیەنن لە فلان مەســـەلەدا بەهەڵەدا چوون یان حســـابی وردیان بۆ نەکردووە، لەسەر مەسەلەی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی ئێســـتای حکومەتی هەرێمی کوردستان پیش هەموان ئەمریکا هەوڵیدا هەستیاری ئەم ناوچانە و هێڵی سوری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر ئەم مەسەلەیە تاقیبکاتەوە، هەروەك چۆن لە راسپاردەکانی گروپی دیراسەتی عێراق ئاماژەی پێکرابوو دواتریش لە راپۆرتی گروپی چارەســـەرکردنی تەنگژە نێودەوڵەتیەکاندا، لە هەردوو جارەکەدا بەرێز مســـعود بارزانی جارێك لە بەغداوەو جارێکی دیکە لە ناو هۆلی پەرلەمانی ئەورپاوە هەموو جیهانی ئاگادار کردەوە ئەگەر دەتانەوێت هەموو شـــتێك لە عێراقدا تێکبچێت ئەوە جیایە، ئەگەرنا مەســـەلەی کەرکووك و ناوچە دابراوەکان مەســـەلەیەکی ناوخۆیی عێراقە و دەستوری عێراق نەخشەی رێگەی بۆ دارشـــتووە، تەنها ئەم رێگەیە عێراق لە کارەسات دووردەخاتەوە، ئەمریکیەکان و ئەوروپییەکان زوو هەڵوێســـتی خۆیان راســـتکردەوە، بێگومان ئەم هەڵوێست راستکردنەوەیان لەترسی ئەوە نییە کە سەرۆکی کوردستان سوپایەکی گەورەی لەبەر دەستەو هەرەشەی پێدەکات یان دامەزراوەیەکی گەورەی نیوکلیاری هەیە و هەرەشـــەی پێدەکات، نەخێر ئەمە حساب کردنە بۆ لۆژیکی ســـەرۆك بارزانی کە بەو مانایە تەفســـیر دەکرێـــت ( ئەگەر بەرێگەی ئاشـــتی و دیالـــۆگ رێز لە مافەکانمان نەگرن و ئێمەش نەتوانین لەم قۆناخەدا بەو شێوازە مافەکانمان بگێرینەوە، ئەوا لێش ناگەرێن ئێوە لەســـەر خاك و سامان و ئاوی ئێمە بە ئیسراحەت دابنیشن وهەڵیووشن ) .

UNیش کە لەراســـپاردەکانی یەکەمی بەرێز دیمســـتۆرادا کۆمەڵێك واقیع شـــێوێنرابوون، بەرێز دی میستۆرا پێداگیری لەسەر هەڵەکان نەکرد، بەڵکو دوای ئەوەی کە راستیەکانی بۆ ئاشـــکرا بوو، دواتر هاتە کوردستان و لەبەردەمی پەرلەمانی کوردســـتاندا دانی بـــە هەڵەکاندا ناو گوتی راســـپاردەکانی قۆناخی یەکەممان هەڵەی تێدا بووە و هەوڵدەدەین لە قۆناخی دووەم و سێیەم راستی بکەینەوە .

بەداخـــەوە هەوڵەکانی د.مالکی وەك ئـــەو هەوڵانە نەبوو کە پێشـــتر ئاماژەمان پێکرد، ئەو ویســـتی بە چەند



بیانویەکی بێ بنەما ئیرادەی خۆی بەسەر کوردا فەرز بکات و لەئاستی پیلان و گەلەکۆمەکیەکەی رۆژی ٢٢تەموز بێدەنگ بێت، ئەو بەو شێوەیە شرۆڤەی بۆ شکۆ و پێگەی کورد کردبوو، ئەگەر بە ئەمریکیەکان بڵێت من دەمەوێت پرۆسەی چەسپاندنی یاسا لەو ناوچانە جێبەجێ دەکەم ئیتر دەست خۆشی لێدەکەن،

بەرێز مالکی زۆر شتی گرنگی لەبیر خۆی بردبۆوە کە لایەقی ئەوەنیین سەرۆك وەزیرانێکی وەك ئەو لە بیریان بکات:

- لە حوزەیران و تەموزی ٢٠٠٧ بریارێك لە واشنتۆن دەرچووبوو، بەدیدی ئەمریکیەکان پێویست نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارە پرس بە دەوڵەتی سەرۆك وەزیران بکرێت، ئەویش بریاری دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بوو، کە لەپێشدا د.مالکی وا خۆی پیشاندەدا کە دەتوانێت بریارەکە پەتریۆس کە لەبنەرەتدا لە واشنتۆنەوە دەرچوو بوو رەتبکاتەوە، هەربۆیە د.مالکی درەنگ بە خۆی هاتەوە تا کار گەیشتە ئەوەی پەتریوس پێی راگەیاند ئەگەر لە قسەکانی خۆت پەشیمان نەبیتەوە ئەوا ناچار دەبن پێی بڵێن دەست لە کاربکێشتەوەو ئەگەر هاوبەندی شیعەش نارازی بن، ئەوا ئەمریکا توانای هەیە لە ماوەیەکی کورتدا بە کودەتایەکی سەربازی حکومەتەکەی د.مالکی بروخێنێت.

*هەق بوو د.مالکی سودێکی زۆری لە ئەزموونی ئیبراهیم جەعفەری وەربگرتایە، هەموو لە یادمانە کاتێك هاوپەیمانی کوردستان ئینزاری جەعفەری کرد هەڵوێستی جەعفەری چۆن بوو، تەنانەت کاتێك بەرێز مام جەلالیش سەرکۆماری عێراق ئاگاداری کردەوە ئەو گەمەیە بە ئاسانی تێپەر نابێت، جەعفەری هێندە لە خۆبایی ببوو کە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لیان پرسی وەڵامی تۆ چیە بۆ ئەو ئاگادارکردنەوەیەی سەرکۆمار، ئەو زۆر بە لە خۆبایبوونەوە گوتی: من بوارم نییە وەڵام بدەمەوە،بەڵام ماوەیەکی زۆری پێنەچوو وەڵامی راستەقینەی لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانەوە وەرگرت و ناچاریان کرد دەست لە کار بکێشێتەوە، بۆیە چاودێرانی سیاسیی لەو بڕوایەدا نەبوون د.مالکی ئەو هەڵەیە دووبارە بکاتەوە سنوری جەعفەریش ببەزێنێت و بڵێت من ئامادەم لەسەر کەرکوك و بۆ ئەوەی نەگەرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان خوێن برێژم .

لەوانەیە ئەم قسانە لەسەر بەرێز د.مالکی زۆر نەکەون لەبەر ئەوەی مێژوویەکی هەیە لە سەر هەرەشەو پەشێمان بوونەوە و، وەك د. مەحمود مەشهەدانی هاوپەیمانیشی راشکاوانە سەبارەت بە ئیمزاکردنی ریککەوتنی نێوان ئەمریکاو عێراق راشکاونە گوتی ئەو ئەهلیەتی ئیمزا کردنی نییە ئەگەر ئیمزاشی بکات بۆ گەلی عیراق مولزەم نییە.

بۆ زیاتر هەڵوەستە کردن لەسەر ئۆپەراسیونە سەربازیەکەی مالکی لە دیالە و خانەقین گوڵان راو بۆچوونی دوو لایەنی پیوەنداری وەرگرتووە کە ئەمە دەقی قسەکانیانە.

**●●●**

**مەحمود مەشهەدانی هاوپەیمانیشی راشکاوانە سەبارەت بە ئیمزاکردنی ریککەوتنی نێوان ئەمریکاو عێراق راشکاونە گوتی ئەو ئەهلیەتی ئیمزا کردنی نییە ئەگەر ئیمزاشی بکات بۆ گەلی عیراق مولزەم نییە**

**●●●**



# ئینزارەکەی سەرۆک بارزانی

# مانۆرە سەربازییەکەی مالیکی لە خانەقین پوکاندەوە

### بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی حکومەتی عێراقی ئینزار کرد ئەگەر لە خانەقین نەکشێنەوە ئەوا کورد بریاری خۆی دەدات

بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقە ویەکێکە لەو کاربەدەستە باڵایانەی حکومەتی عێراق کە پێشتریش لەسەر ئەدای وەزارەتی بەرگری عێراق گلەیی هەبووە بەتایبەتی سەبارەت بەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی بەرگری بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی سوپا و پرچەککردنەوەی سوپای عێراق گرێیدابوون، ئێستاش دیسان لەسەر ئەدای سوپای عێراق رەخنەی هەیە و پێی وایە کە ژمارەیەکی زۆری کۆنە بەعسی و فەرماندەکانی پێشووی رژێمی بەعس گەراونەتەوە ریزی سوپای عێراق و هەوڵدەدەن ئەرکە گرنگەکەی سوپا کە پارێزگاریکردنە لە دەستدرێژی کردنی دەرەکی بۆسەر عێراق، خەریکە هەمان ئەرکی پێشووی سوپای عێراق پیادەدەکەنەوە، کە وازی لەئەرکە نیشتمانیەکان هێنابوو، هەموو هێزی خۆی بۆ سەرکوتکردنی گەلەکەی خۆی تەرخانکردبوو.
دیمەنی رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی پێشووی ناوچەکانی خانەقین و دیالە جارێکی دیکە هەمان هەڵسوکەوتی سوپای پێشووی عێراقی بیرهێنایینەوە کە دەیانویست بەزەبری هێز و نیمایشکردنی ماسولکەی هێز خۆیان بەسەر کوردستاندا فەرز بکەنەوە، بەڵام ئینزاری سەرۆك بارزانی بۆ حکومەتی د. مالکی بووە هۆکاری ئەوەی بارۆدۆخەکە هێوربێتەوە و هێزەکەی عێراق لە خانەقین بکشێتەوە .
ئەم ئۆپەراسیۆنە وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بە تایبەت لەم دیمانەیەدا بەگوڵانی راگەیاند راستەو خۆ لەلایەن د.نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەرێوە دەبرێت و وەزارەتی بەرگری و سەرۆکی ئەرکان ئاگاداری هیچ بریارێك نین تەنها ئەوە نەبێت کە وەزارەتی بەرگری لەرووی کارگێرییەوە ئیدراەی ئۆپەراسیۆنەکە دەدەن، ئەمەش دەقی قسەکانی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقە بۆ گوڵان.

### ئەوەی لە خانەقین ودیالە روویدا پیلانێک بوو بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان

***بارودۆخەکە لە دیالە و خانەقین لەسەر لێواری تەقینەوەبوو، ئێوە وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی چۆن ئەم بارودۆخە لێك دەدەنەوە؟**

- من پێم وایە پیلانێکی گەورە هەیە بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە لایەن چەند سەرکردەیەکی ئەمنیەوە، ئەمەش بە پێی ئەو زانیاریانەی بۆ ئێمە هاتووە، کە هەموو ئەو سەرکردانە کۆنە بەعسین و چاوەڕێی هیچ خێرێکیان لێ ناکرێت. ئەو ناوچانەی تا ئێستا سەر بە حکومەتی فیدراڵیە، ئەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنیەکانی حکومەتی فیدارڵیدا بن و هێزەکانی هەرێم پاشەکشە بکەن. پێشتر هێزی پۆلیس و هێزی سوپا نەبووە بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا جێگیر بکرێن، بۆیە داوا لە هێزەکانی هەرێم کران، بەڵام ئێستا کە هێزی پۆلیس و سوپا هەیە داوا دەکەن ئەو هێزانە بکشێنەوە بۆ پشت ئەو هێڵەی پێشتر لێی بوون. ئەو هێزانەی هاتونەتە ئەوێ هاتوون بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بۆ ئەنجامدانی راپرسی و بۆ هەڵبژاردن، بەڵام ئەوان وا هەست دەکەن ئەو هێزانە بۆیە لەم ناوچەیەدا جێگیر کراون بۆ ئەوەی بە زۆر بیان گەڕێننەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوان لە گفتوگۆکاندا باس لەم مەسەلەیە دەکەن، بەڵام ئێمە رەتیان دەکەینەوە.

### ئێمە وەک وەزارەتی بەرگری ئاگاداری فەرمانەکان نین تەنها لە رووی ئیدارییەوە سەرپەرشتی ئەم ئۆپەراسیۆنانە دەکەین

*** ئێوە تا چەند ئاگادارن لە هاتنی ئەم سوپایە بۆ دیالە، ئایا هەڵوێستی کوردەکان چیە لە ناو سوپای عێراقیدا؟**

-لە راستیدا دەسەڵات و سەڵاحیەت جوڵاندنی هێزە چەکدارەکان لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە سەربازیەی لە پارێزگای دیالەدا ئەنجام دەدرێت بە دەستی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوەیە کە بەڕێز سەرۆك وەزیران، مالیکیە، واتە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و سەربەخۆ هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردنی ئەو هەڵمەتە، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی دیالە دەتوانێت هەر فەوجێکی خۆی هەر لیوایەکی خۆی لەو ناوچەیەدا جم و جوڵ پێ بکات. ئەمە لە موسڵ، بەسرا، ئەنبار و لە بەغداش بەم شێوەیەیە. ئێمە وەك وەزارەتی بەرگری تەنها لە رووی ئیداری و فەنیەوە سەرپەرشتی ئەم ئۆپەراسیۆنانە دەکەین.

***بەڵام رۆژی هەڵکوتانە سەر پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگای دیالە وەزیری بەرگری خۆی سەردانی ئەو شوێنەی کرد؟**

-ئێمە سەردان و بەسەرکردنەوە دەکەین و دەچین بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنین، لە پێداویستی و هەڵە و کەم و کوڕیەکان دەکۆڵینەوە، ئێمە هەمووومان دەتوانین ئەم سەردانانە بکەین، سەرۆك وەزیران دەتوانێت، وەزیری بەرگری و منیش دەتوانم ئەو سەردانانە بکەم.



من پێداگیریم کرد لە سەر ئەوەی بە سەیارە بچم، بەڵام ئەمەریکیەکان وتیان رێگا و بان خراپە و نابێت بچیت. کەس ناتوانێت رێگری لە چوونی من بکات

**هۆکاری ئامادەنەبووم لە کۆبونەوەکەی دیالە**
**ئەوە بوو کەشوهەوا خراپ بوو فرۆکە نەیتوانی هەڵسێت**

*** بەڵام کۆبونەوەیەك لە دیالە کرا، راگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن رێگە بە ئێوە نەدراوە، بەشداری لەو کۆبونەوەیە بکەن؟**

- ئەمە لێکدانەوەیەکی ناڕاستە، هۆکاری ئامادەنەبوون و بەشداری نەکردنـــی من لەو کۆبونەوەیەدا بۆ خراپی کەش و هەوای ئەو رۆژە دەگەڕێتـــەوە کە تـــۆز و خۆڵێکی زۆر بوو، نەمـــان توانی فڕۆکە هەڵبستێنین، من پێداگیریم کرد لە سەر ئەوە بە سەیارە بچم، بەڵام ئەمەریکیەکان وتیان رێگا و بان خراپە و نابێت بچیت. کەس ناتوانێت رێگـــری لە چوونی من بکات، کـــێ دەتوانێت بە من رابگەیەنێت نابێت بەشـــداری بکەیت، ئێمە هەیبەتی خۆمان پاراستووە و کەس ناتوانێت رێ و شوێنێك لەم چەشنە بەسەر مندا بسەپێنێت.

***ئەگەر پێکدادان لە نێوان هێزی پێشـــمەرگە و ســـوپای عێراقدا روویدات، ئایا هەڵوێستی ئێوە چی دەبێت؟**

- ئەگەر حاڵەتێکی لەم چەشنە رووبدات، دەبێت لە هۆکاری روودانی بکۆڵینەوە، ئایا ئەمە هەر بە عەفەوی روویداوە، ئایا نەخشەبۆکێشراوە و بڕیاری سیاســـی لە پشـــتەوەیە، ئەو کاتە بریار دەدرێت. سوپای عێراقی ســـوپای هەموو عێراقە و ســـوپایەکی تێکەڵاوە مەبەستم ئەوەیە لە کورد و شـــیعە و ســـوننە و تورکمان پێـــك هاتووە، ئێمە نامانەوێت شەڕی یەکتر بەم ســـوپایە بکەین، ئێمە دەمانەوێت ئەم ســـوپایە بەهێز بێت بۆ ئەوەی خۆمانی پێ بپارێزین لە هەڕەشـــە ومەترســـی وڵاتانی دیکە، ئەوانەی دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر عێراق و چاوی تەماحیان بڕیوەتە عێراق.

**پێشتر داوامان کردبوو**
**ئەو هێزە لە دیالە بکشێتەوە**

***ئەو هێزەی پێشـــمەرگە لە دیالە بوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی پارێـــزگای دیالە و بە رەزامەندی ســـەرۆك وەزیران لەو ناوچەیەدا جێگیر بوون، ئێســـتا ئەگەر ئەرکەکانیان تـــەواو بووە، بۆ چی بە شێوەی سوکایەتپێکردن داوای کشاندنەوەی ئەو هێزە دەکەن، بۆچی خەڵات و پاداشـــت ناکرێن و بە رێ و رەســـمێکی شایستە بەڕێ ناکرێن؟**

- نزیکەی شـــەش مانگە داوای کشانەوەی ئەو هێزە دەکەن، دەڵێن بۆچـــی ئەو هێزە جێگیر بکرێت و ئەو هێزە چی دەکەن لەوێدا، من پێشـــتر ئاماژەم پێکرد کە زانیاری هەڵە دەبەن بۆ سەرۆك وەزیران. من هەوڵمدا لیژنەیەك پێك بهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی راستیەکان لەو ناوچەیەدا بەڵام نەیان هێشـــت، ئەگەرنا ســـەرۆك کۆمار، پارێزگا و ئەنجومەنـــی پارێـــزگای دیالە، فەرماندەی ئۆپەراســـیۆنەکە و ســـەرکردەی هێزی پۆلیس و کەســـایەتیەکانی ناوچەکە هەموویان شاهیدیان دا کە ئەو لیوایەی لەوێدا جێگیرکراوە شتی زۆر گرنگی کردووە، خزمەتی دانیشـــتوانی ناوچەکەی کـــردووە و داوایان کرد لیوایەکی تری چەشـــنی ئەو لیوایە بهێنرێتە ئەو ناوچەیەوە، بەڵام زانیاری راست و دروست نەدەدرا بە سەرۆك وەزیران، ئەو زۆر داوای کشانەوەی ئەو هێزەی کرد جەماعەتی ئێمە لە سەرەوە رەتیان کردەوە، تا گەیشتە ئەو حاڵەتەی دەرئەنجامێکی ناخۆشی لێکەوتەوە.

**بەئینزاری سەرۆک هێزەکان کشانەوە**

*** ئـــەی بۆچی ســـوپای عێراقی دەیەوێت بچێتـــە خانەقینەوە و بارودۆخێکی مەترســـیدار دروست بکات، ئەوەتا خەڵك خۆپیشاندان دەکات دژی هاتنی ئەو سوپایە، بۆ نموونە لە دوای کشانەوەی ئەو لیوایە کردەوە تیرۆریستیەکان زیادیان کردووە، لە جەلەولا و سەعدیە و کەرکوك؟**

- ئەو ناوچانە ســـەر بە ئێمەن، ســـەر بە حکومەتـــی مەرکەزین، حکومەتی فیدراڵی، ئێستا هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی کوردستان و پۆلیسی کوردستانیان تێدایە، ئێمە دەمانەوێت بچینە شوێنی ئەو هێزانە تاوەکو کێشـــەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام کوردستان دەڵێت ئەم ناوچانە ئارامن و پێویســـت بە هاتنی ئێوە ناکات، کێشەکە ئەمەیە. کشانەوەی سوپای عێراقیش بۆ خۆپیشاندانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئینزاری سەرۆك دەگەڕێتەوە، سەعات دوانزەی شەو سەرۆك پێی راگەیاندن کە ئەگەر نەکشـــێنەوە ئەوا ئێمە بە هەموو شـــێوەیەك لە حکومەتی عێراقی دەکشێینەوە، لە حکومەت، لە پەرلەمان، لە سوپا و لە پرۆسەی سیاسی، بۆیە سەعات دوانزەی شەو فەرمانیان پێدرا لە بەیانیدا بکشێنەوە، ئەمە پێش خۆپیشاندانەکە.

***بـــەڵام بۆچی تەنها داوا لە پارتـــە کوردیەکان دەکرێت بۆ ئەوەی بارەگا حکومیەکان چۆڵ بکرێـــت، لە کاتێکدا پارتەکانی دیکەش لە بارەگای حکومیدا، بۆچی دەیانەوێت سوکایەتی بە کورد بکەن، لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵکی کوردستان وا دەزانن کە سوپای عێراقی هەر سوپاکەی سەدامە و دەیەوێت دەستدرێژی لە کورد بکات؟**

- لە راســـتیدا بڕیارێك دەرکراوە کە دەبێت ئەو پارتە سیاسیانەی لە بارەگا حکومیەکاندان، ئەوانەی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان تەرخان کراون، وەك شارەوانی تەندروستی و کارەبا، دەبێت هەموویان چۆڵ بکرێن، تەنها ئـــەو بارەگایانە نەبێت کە بارەگای حزبی بەعس بوون، بەڵام کە لە شوێنێك جیاوازی دەکرێت، ئەوا ئەوە دەوەستێتە سەر رەفتاری فەرماندەی ئەو ناوچەیە.

***ئێوە رەخنەت لەسەر گرێبەستەکانی وەزارەتی بەرگری هەبوو، ئایا رەخنەکانت لەسەر چی بوون؟**

- ئێســـتا ئەو کەم و کوڕیانە چارەســـەر کراون و مەســـەلەکە بەو شـــێوەیە جێبەجێ کرا کە من داوام دەکرد، ئێمە لە گەڵ ئەمەریکا گرێبەســـتمان کرد بۆ کڕینی هێلی کۆپتەر و تانك و کەل و پەلی پەیوەندیکردن.

*** ئەگەر شتێکت مابێت و من پرسیارم لێ نەکردبێت فەرموو؟**

- من ئومێدەوارم کوردســـتان ئارام بێت، دووربێت لە شـــەڕ و دوور بێ لە دەردەســـەری و دەبێت یەکگرتوو و یەکڕیز بین، من پێشـــتر چەندین جار داوام کردووە بگەڕێمەوە نەیان هێشـــتووە، بەڵام دەتوانن بەیانی تەلەفۆنێکم بۆ بکـــەن و بڵێن بگەڕێرەوە، ئێمە خەڵکی ئەو کوردســـتانەین و بەشـــێکین لەو میللەتە، ئێمە خوێنمان بەخشـــیوە زەحمەتمان کێشـــاوە، نابێت ئەو خوێنانە بە فیرۆ بچن. بەڵام دەبێت وریابین هێشـــتا زۆر کۆنە بەعسی لە ناو سوپادا هەن کە هەر بە عەقڵیەتی بەعســـی بیر دەکەنەوە هەر ناکۆکیەکی نێوان کوردستان و حکومەتی بەغدا ئیستغلال دەکەن بۆ هێنانەدی مەرامی خۆیان، دەبێت کورد زۆر هۆشـــیار بێت بە ووردی لە بارودۆخەکە بکۆڵێتەوە چونکە زۆر هەستیارە. لەبەر ئەوەی چەندین فەرماندە و سەرکردەی ســـوپا و پۆلیس هەن کە بریتین لە کۆنە بەعسیەکان و پێشتر ئەندام شـــوعبە و فیرقەی حزبی بەعس بوونە، ئەمەش مەترسی لێدەکرێت نەك هەر بۆ سەر ئایندەی کوردستان، بەڵکو بۆ سەر خودی مالیکی خۆشـــی، کە من چەندین جار ئاگادارم کردۆتەوە ئەمە مەسەلەیە چارەسەر بکات، بەڵێنی داوە، ئەگەر بەڵێنەکانی جێ بەجێ بکات، باشە، ئەگەرنا دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

●●●

**کشانەوەی سوپای عێراق بۆ خۆپیشاندانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئینزاری سەرۆک دەگەڕێتەوە، سەعات دوانزەی شەو سەرۆک پێی راگەیاندن کە ئەگەر نەکشێنەوە ئەوا ئێمە بە هەموو شێوەیەک لە حکومەتی عێراقی دەکشێینەوە، لە حکومەت، لە پەرلەمان، لە سوپا و لە پرۆسەی سیاسی، بۆیە سەعات دوانزەی شەو فەرمانیان پێدرا لە بەیانیدا بکشێنەوە، ئەمە پێش خۆپیشاندانەکە**

●●●

### رازی جاسم مەحمود نوێنەری عەرەبی خانەقین لە لیژنەی مادەی ١٤٠ بۆ گوڵان:

# سوپای عێراق پڕیەتی لە پاشماوەکانی بەعس
# بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە نادات بگەڕێنەوە بۆ خانەقین

**رازی جاسم مەحمود کە لە خانەقین بە مامۆستا رازی ( استاذ راضي )ناسراوە یەکێکە لەو عەرەبانەی دانیشتووی خانەقین کە بڕوای بەپێکەوە ژیانی برایانەی کورد و عەرەب هەیە و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراقیش بە هەنگاوێك بۆ پێشەوەچوونی دیموکراتی لە عێراقدا سەیر دەکات و ئومێدخوازیشە کە دوای جێبەجێکردنی مادە ١٤٠ی دەستوری عێراق خانەقین بگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان، دوای ئەو ئاڵۆزییەی کە لە خانەقین لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست بوو،پاشان بە ناچاری پاشەکشەیان کردو هۆکاری ئاشکرای سوپای عێراقیش بۆ گەرانەوەیان بۆ خانەقین گوایە لەبەر ئەوەیە کە ئەو ناوچانە تائێستا چارەنوسیان یەکلایی نەکراوەتەوەو نابێت هێزی پێشمەرگەی لێبێت، گوڵان بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە مامۆستا رازی جاسم مەحمود نوینەری عەرەبەکانی خانەقین کە ئەمە دەقی قسەکانییەتی بۆ گوڵان.**

**هێزەکانی پێشمەرگەش بە فەرمانی حکومەتی مەرکەزی**
**لە خانەقین جێگیر بوون و بە بڕیاری خۆیان نەهاتون**

***لەم چەند رۆژەی دواییدا بارگرژیەك لە ناوچەی خانەقیندا سەری هەڵدا، ئایا هۆکار و سەرچاوەکانی ئەو ئاڵۆزیە چی بوون؟**

- سوپای عێراقی ویستی بە چەشنی ناوچەکانی دیکەی پارێزگای دیالە بچێتە خانەقینەوە، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە کە لەو ناوچەیەدا جێگیربوون داوایان لەو هێزەی سوپای عێراقی کرد بکشێتەوە و نەیەتە ناو شاری خانەقینەوە، دواتر رێپێوانێکی ئاشتیانە کرا و خەڵکەکە دژی هاتنی سوپای عێراقی بوون، کە لەو خۆپیشاندانەدا سەرکردە کوردەکانی وەك مەلا بەختیار و چەند کەسێك لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوون، دواتر گفتوگۆ لە گەڵ سەرکردە کوردەکانی پارێزگای دیالەدا کرا و لەسەر ئەوە رێککەوتن کە پێویست ناکات ئەم هێزە هەڵبستێت بە پشکنینی خانەقین، لەبەر ئەوەی ئەم شارە ئارامە و چالاکی تیرۆریستی تێدا نییە و بڕیاردرا نابێت خانەقین وەك ناوچەکانی دیکە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت کە کێشەی ئەمنیان هەیە، هێزەکانی پێشمەرگەش بە فەرمانی حکومەتی مەرکەزی لەو ناوچەیەدا جێگیر بوون و بە بڕیاری خۆیان نەهاتون.

**حکومەتی مەرکەزی ئەم کێشەی بۆیە دروستکرد**
**بۆئەوەی مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت**

***بۆچی لەم کاتەدا ئەم هەڵمەتە سەربازیە ئەنجام دەدرێت کە خۆشیان دەزانن ئەمە دەبێتە وورووژاندنی هەستیاری لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا؟**

- ئەمە راستە، ئەمە مەسەلەیەکی سیاسیە و ئەوان ئەم ساتەوەختەیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە کێشەی کەرکوك و خانەقین و ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە فشار دروست بکەن و هێزی خۆیان نمایش بکەن و ئەو پەیامە بگەیەنن کە ئەوان باڵادەستن بەسەر ئەو ناوچانەداو رابگەیەنن کە پەرلەمانی کوردستان هیچ پەیوەندیەکی بەم مەسەلەیەوە نییە، واتە ئەم کاتەیان ئیختیار کرد بۆ ئەوەی لە مەسەلەی کەرکوکدا فشار دروست بکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی داوا کرا کەرکووك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان.

***ئێوە وەك ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چۆن لە کەمتەرخەمی حکومەتی عێراقی دەڕوانن لە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە؟**

- لە راستیدا ئەمە ماددەیەکی دەستووریە و نزیکەی ١٢ ملیۆن عێراقی دەنگی لەسەر داوە و دەبێت جێبەجێ بکرێت، ئەگەر حکومەتی عێراقی کە بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکات ئیرادەی ١٢ ملیۆن عێراقی لەبەرچاو ناگرێت ئەوا هیچ دیموکراسیەك لە عێراقدا بوونی نامێنێت.

**عەرەب و تورکمان و کوردی دانیشتوی خانەقین دەیانەوێت هێزی**
**پێشمەرگە تاقە چەکی بەرەنگاربوونەوە تیرۆر بێت لەم ناوچەیەدا**

*** ئێوە وەك عەرەبی خانەقین لەهەمووو کەس زیاتر ئاگاداری بارودۆخەکەن، ئایا لە ماوەی پێنج ساڵی رابردودا هێزەکانی پێشمەرگە هیچ پێشێلکاری و دەستدرێژیەکیان هەبووە بۆ سەر عەرەبەکان؟**

نەخێر هەرگیز نەیان بووە، لە راستیدا عەرەب و تورکمان و کوردی دانیشتوی خانەقین لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەبێت هێزی پێشمەرگە تاقە چەکی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر بێت لەم ناوچەیەدا و ئەگەر سوپای عێراق بگەڕێتەوە ئەوا دووبارە چالاکیە تیرۆریستیەکان دەست پێدەکەنەوە، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی کورد بە هیچ شێوەیەك هاتنی سوپای عێراق قبوڵ ناکات و عەرەب و تروکمانەکانیش ئەم مەسەلەیە رەت دەکەنەوە.

**تیرۆریستەکان سوود لە ناکۆکی**
**هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی وەردەگرن**

***دوای کشانەوەی لیوای ٣٤ هەستدەکرێت لە جەبارە و جەلەولا و مەندەلی، کردەوە تیرۆریستیەکان زیادیان کردووە، بۆ نموونە ئەو روداوەی لە جەلەولا رویدا و بووە هۆی شەهید بوونی ٣٠ کەس وبریداربوونی زیاتر لە ٥٠ کەسی دیکە، ئایا تیرۆریستەکان سوودیان لە کشانەوەی ئەم هێزانە وەرگرتوە؟**

- بە دڵنیاییەوە، ئەوە هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی ئەو جۆر کردەوانەیە، تیرۆریستەکان سوود لە ناکۆکی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی وەردەگرن، بەڵام ئەوان ناتوانن لە خانەقین هیچ جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، بەڵام دەتوانن لە ناوچەکانی وەك جەلەولا و سەعدیە و حەمرین ئەنجامی بدەن ئەمەش بۆ کەمتەرخەمی و بێتوانای حکومەتی عێراقی دەگەڕێتەوە کە دەرفەتیان بۆ دزەکردنی تیرۆریستان رەخساندووە. هەر بۆیە ئەم حاڵەتانە روودەدەن.

***ئایا هۆکاری رەفتاری سوپای عێراقی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە پاشماوەکانی بەعس دووبارە ئاوێتەی سوپا بوونەتەوە؟**

-لە راستیدا سوپای عێراقی کۆنە بەعسیەکان و ئەو کەسانەی تێدایە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستیەکان، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك رازی نابێت سوپای عێراقی بێنە ئەم ناوچانەوە.

**ئەم کاتەیان ئیختیار کرد بۆ ئەوەی لە مەسەلەی کەرکوکدا فشار دروست بکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی داوا کرا کەرکووک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان**

**ئەگەر حکومەتی عێراقی کە بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکات ئیرادەی ١٢ ملیۆن عێراقی لەبەرچاو ناگرێت ئەوا هیچ دیموکراسیەک لە عێراقدا بوونی نامێنێت**

**عەرەب و تورکمان و کوردی دانیشتوی خانەقین لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەبێت هێزی پێشمەرگە تاقە چەکی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر بێت لەم ناوچەیەدا و ئەگەر سوپای عێراق بگەڕێتەوە ئەوا دووبارە چالاکیە تیرۆریستیەکان دەست پێدەکەنەوە**

# بەرەی تەوافق داوای دەستێوەردانی دەرەکی لە کەرکوک دەکات هاوپەیمانی کوردستان رەتیدەکاتەوە

لە دوای گەڕانەوەی تاریق هاشمی لە تورکیا هەست دەکرێت خیتابی سیاسیی بەرەی تەوافوق بەگشتی و حزبی ئیسلامی عێراق بەتایبەتی جۆرێك لە گۆڕان و لایەنگیری بەلای تورکیا پێوە دیارە، ئێستا لە گوتار و لێدوانەکانی تێکڕای سەرکردەکانی بەرەی تەوافوق جۆرە بەرگریکردن و پاکانەیەك لە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دەکرێت و بیانووی ئەوە دەهێننەوە بۆ ئەمەریکا لە گرین زۆن و لە ناو کۆشکی سەرۆك وەزیران دەستێوەردان بکات، ئەی بۆچی تورکیا یان عەرەبستانی سعودیە ئەو مافەیان نەبێت یارمەتی عێراقییەکان بدەن .

بەرەی تەوافوقی عێراقی کە خۆی کردۆتە دەمڕاست و ڕێبەری کوتلەی ٢٢ی تەمموز و خۆی راستکردۆتەوە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی مافەکانی گەلی کوردستان و گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات، خۆیان دانی پێدابنێن یان شەڕێکی بە وەکالەت دەکەن و خۆیان کردۆتە داردەستی ئەملاوئەولاو دەیانەوێت لەژێر گوتاری شۆڤینی عەرەبی کە ئێستا زۆر بەئاشکرا دوای گەڕانەوەی ناسنامەی عەرەبی بۆ دەوڵەتی عێراق دەکەن، پارسەنگی نا هاوسەنگی خۆیان راست بکەنەوە،

بە بڕوای خۆیان کەرکووك باشترین کارتە لەم هاوکێشەیەدا بەکاری بهێنن، لەلایەك بە پشتگیری بەرەی تورکمانی نەخشەو پیلانی دەرەکی غەیرە عەرەبی جێبەجێ دەکەن و بە داکۆکیکردنیش لە سیاسەتە شۆڤێنییەکانی بەعس کە دژی جوگرافیاو دیموگرافیای کەرکووك ئەنجامیداوە جارێکی دیکە پاشماوەی کۆنە بەعسییەکان و شۆڤێنییەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە .

بێگومان سەبارەت بە حکومەتی مالکیش دیسان کەرکووك کارتێکی باشە بۆ ئەوەی بەڵێن بە د.مالکی بدەن ئەگەر لە چارەسەری کێشەی کەرکووك لایەنگیری ئێمە بیت و هەوڵبدەیت کەرکووك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا لەبەرامبەردا پەیوەندی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ بەغدا ئاسایی دەکەنەوە،پێشوازی ئێستای د.مالکیش لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی رەهەندێکی لەو جۆرەی لێدەخوێنرێتەوە ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە تائێستا مالکی بەو راشکاوییە ئەم مەسەلەیەی نەخستۆتەڕوو .

هەربۆیە هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی پشووی پەرلەمان و دەسپێکی خولێکی نوێ و دوای ئەوەی کوتلەی ٢٢ی تەمموز لەوە نائومێد بوون ئەوەی لە ٢٢ی تەمموز کردیان و ئەوەشی لە ٢٧ی تەمموز لە کەرکووك ئەنجامیاندا ئامانجەکانیان ناهێنێتە دی، بۆیە ئێستا کەوتوونە چنینی سیناریۆیەکی دیکە کەپێش ئەوەی پێشنیارەکەیان بخەنە روو دەزانن لەلایەن چەندین پێکهاتەی دیکەی عێراقەوە و بە تایبەتیش لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانەوە قبووڵ ناکرێت و رەتدەکرێتەوە، ئەم سیناریۆ تازەیەشیان هەر بۆ ئەوەیە پرۆسەی سیاسیی و هەڵبژاردنی پارێزگاکان پەکبخەن، بەڵام لەوە بێ ئاگان کە هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان بەغداو واشنتۆن دووپرسی گرنگن لای ئیدارەی بوش بەهیچ جۆرێك ئەم دووپرسە بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا جێناهێڵرێت، راستە لەوانەیە ڕێوشوێنی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان لەم یەك دوو مانگەی دادێ تەواو نەبن بەڵام بڕیاردان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان و ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی دوو مەسەلەن بۆ ئیدارەی ئێستای سەرۆك بۆش قابیلی دواخستن نییە.

لەوانەیە لەمانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمدا ئەمەریکا زۆر جەخت لەسەر مەسەلەکان نەکات و زیاتر بە زمانێکی دیپلۆماتی و نەرم مەسەلەکان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا باس بکەن، بەڵام دوای ئەم دوومانگە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هیچی نامێنێت چاوەڕێی بکات و بوشیش لەو سەرۆکانە نییە بە شێوازێکی تەقلیدی کۆشکی سپی چۆڵبکات بە تایبەتی کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارە کۆشکی سپی تەسلیم بە دیموکراتەکان بکرێت، لەم حاڵەتەدا بۆش پێویستی بەوەیە وەك پاڵەوان ماڵئاوایی لێبکرێت بە تایبەتی کە لە ماوەی دوو پۆستی لەسەریەکدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەمەریکادا، ئەمەریکا لەسەردەمی ئیدارەی بوشدا گۆڕانکاری بەرچاوی بە خۆوە بینوە و ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەری لە گۆڕانکاری جیهانیش هەبووە، هەر مەزندەکان بەو ئاراستەیەن لەو یەك دوو مانگی پێش تەسلیمکردنی کۆشکی سپی، کۆمارییەکان و سەرۆك بۆش پێویستیان بەوە دەبێت موفاجەئەیەك دروست بکەن کە رەنگدانەوەی هەشت ساڵی رابردووی ئیدارەی سەرۆك بوش بێت .

هەربۆیە ئەوانەی گرەو لەسەر بێدەنگی ئەم یەك دوو مانگەی ئیدارەی بوش دەکەنەوە، راستە بێدەنگی پێوە دیارە بەڵام تا ئەو ئاستە ئەم بێدەنگییە درێژە دەکێشێت کە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەکەونە مەترسییەوە، بەپێچەوانەوە چۆن بەوپەڕی ئەدەبەوە بە یەشار بیوکانتی سەرۆکی ئەرکانی پێشووی سوپای تورکیایان راگەیاند : ئێمە هەڕەشە لە تورکیا ناکەین، بەڵام سەرۆك بوش پێی باشە بە زووترین کات بکشێنەوە.

بیوکانت کە درەنگ لە پەیامەکەی گیتس گەیشت، زۆر بە گاڵتەئامێز وەڵامی گیتسی دایەوە و گوتی: زوو دەکشێنەوە، بەڵام زوو کشانەوە جاری وا هەیە رۆژێکەو جاری واش هەیە چەند ساڵێکە.

درەنگی تێگەیشتنەکەی بیوکانت چەند کاتژمێرێکی نەخایاند بەڵام بۆ جێبەجێکردنی خواستەکەی ئەمەریکا درەنگە. هەربۆیە بیوکانت پێرانەگەیشت حکومەت ئاگادار بکاتەوە و بە رۆژنامەکان بڵێت دەکشێمەوە، بەپەلە لە وێبسایتی ئەرکانی تورکیا بڵاویکردەوە : دەستمان بە کشانەوە کرد، بۆ ئێستای عێراقیش کە مادلین ئۆلبرایت دێتە بەغدا و دەڵێت ریککەوتنەکەمان لەسەر لێواری ئیمزاکردنەو دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەم ساڵدا جێبەجێ بکرێت، لەوانەیە بە تێڕوانینی خۆماڵیانەی عێراقی رۆژهەڵاتی یەك دوو مانگ زۆر نەبێت و مەزندەی ئەوە بکرێت کە دەتوانرێت بە مانۆڕکردن کاتەکە تێپەڕێنرێت، نەك یەك دوو مانگ بەڵکو ئەگەر ئەمەریکا مەبەستی لە ژمارەیەك کاتژمێری دیاریکراودا جێبەجێ دەکات، هەروەك چۆن لە ساڵی ١٩٩٨ بەر لەهاتنی مانگی رەمەزان شاڵاوی رێوی بیابانیان لە ٤٨ سەعاتدا ئەنجامدا و پێش ئەوەی رەمەزان دەست پێبکات ئەمەریکا گورزی خۆی لە عێراق وەشاند.

.

لەوانەیە لەمانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمدا ئەمەریکا زۆر جەخت لەسەر مەسەلەکان نەکات و زیاتر بە زمانێکی دیپلۆماتی و نەرم مەسەلەکان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا باس بکەن، بەڵام دوای ئەم دوومانگە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هیچی نامێنێت چاوەڕێی بکات و بوشیش لەو سەرۆکانە نییە بە شێوازێکی تەقلیدی کۆشکی سپی چۆڵبکات بە تایبەتی کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارە کۆشکی سپی تەسلیم بە دیموکراتەکان بکرێت


مەزندەکان بەو ئاراستەیەن لەو یەک دوو مانگی پێش تەسلیمکردنی کۆشکی سپی، کۆمارییەکان و سەرۆک بۆش پێویستیان بەوە دەبێت موفاجەئەیەک دروست بکەن کە رەنگدانەوەی هەشت ساڵی رابردووی ئیدارەی سەرۆک بوش بێت



## عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک بۆ گوڵان:

# دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک قبوڵ ناکەین

**لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەنێو پێکهاتەکانی کەرکوکدا ناکۆکی و گیروگرفت نییە، عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکوک بەڵگەی بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم بۆچوونە بەوە دەردەبڕێت، دوای ئەوەی رۆژی ٢٧ی تەموز درندەترین کاری تیرۆریستی دەرهەق بە خۆپیشاندانەکە ئەنجامدرا و لە ئاکامدا زیاتر لە ٦٠-٧٠ بریندارو شەهیدی لێکەوتەوە، بەڵام بۆ رۆژی دوای واتە ٢٨ی تەمموز هەموو پێکهاتەکان چوونە سەر کاری خۆیان بەبێ ئەوەی کەس هەڕەشە لەوی دیکە بکات، ئەمە لەکاتێکدایە وەك نوێنەری عەرەبی کەرکوك دەڵێت، کورد دەسەڵاتی ئیداری و ئەمنی شارەکەی بەدەستەوەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد نایەوێت باری ئاسایشی کەرکوك تێکبچێت و ئەو دەستە دەرەکیانەشی دەیانەوێت باری ئارامی کەرکووك بشێوێنن لای کورد لەگەڵ خەڵکی کەرکووك تێکەڵ نابن، بەڕێز عەبدلڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووك بەمجۆرە بۆگوڵان سەبارەت بە بارودۆخی کەرکووك هاتە ئاخاوتن:**



### نەخشەی ڕێگەی چارەسەری کێشەی کەرکووک دەستوورە
### هەربۆیە لادان لە دەستور کێشە دروست دەکات

*** دوای ٢٢ی تەمموز بارودۆخی کەرکوك بۆتە جێی قسەو باسی هەموو لایەك، ئایا ئێوە چۆن بارودۆخەکە هەڵدەسنگێنن؟**

**-هەلومەرجی کەرکوك لە رووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو بگرە باشتر بووە و بەرەو پێشتر چووە،** بۆ نموونە دوای خۆپیشاندانەکەی ٢٧ی تەمموز و دوای ئەوەی تیرۆریستێك خۆی تەقاندەوە، بینیمان بۆ رۆژی دواتر هەموو کۆمەڵانی خەڵکە کەرکووك چوون بۆ سەر کار و دامودەزگاکانی حکومەت و بازاڕەکان بێ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی هەبێت، ئەمە بەڵگەیەکی زیندوی ئەوەیە کە هیچ کێشەیەك لە نێوان پێکهاتەکانی خەڵکی کەرکووکدا نییە و ئەم رووداوە هیچ کاریگەرییەکی سلبی لەسەر ئەو خەڵکە نەبووە. بەڵام جیاوازی بیروبۆچون لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا شتێکی سروشتییە لە پرۆسەی دیموکراسیدا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا گفتوگۆ و دانیشتن هەیە لە نێوانیاندا. ئەوەی هەیە کوتلە سیاسییەکان لە پەرلەمانی عێراقدا ناگەنە رێککەوتن. لە راستیدا لادان لە دەستور کێشە دروست دەکات، چارەسەری کێشەی کەرکووك دۆزرایەوە، لە ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی کاتی و دواتر گوێزرایەوە بۆ ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بەڵام بە هۆی جێبەجێنەکردن و دروست کردنی ئاستەنگ بۆی کێشەکە بەردەوامە. خۆی ماددەی ١٤٠ هەبێت یان نەبێت کێشە لە سەر کەرکووك هەیە، بە درێژای مێژوو شەڕەکانی کورد لە گەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا لەسەر ئەم شارە بووە، ئەمە کێشەیەکی کۆنە.

### نابێت ئیستحقاقی هەڵبژاردن ببێت بە دامەزراندن

*** بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەی ئاماژەت پێکردن ئێستا داوا دەکرێت ئیستحقاقی هەڵبژاردن ببێتە دامەزراندن، بەڕێزت لەمبارە چی دەڵێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبێت ئەوا ئیستحقاقی هەڵبژاردن نابێت ببێتە دامەزراندن، هەڵبژاردن بە دەنگدانە و دەرئەنجامی خۆی هەیە، ئەوەی لە ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هاتووە پێچەوانەی ئەمەیە، ئەمە خەڵکی کەرکووك لێك جیادەکاتەوە کە خەڵکی ئەم شارە پەیوەندی خزمایەتی و کارکردنیان هەیە لەگەڵ یەکدا و رەنگە کوردێك دەنگ بۆ تورکمانێك بدات، عەرەبێك بۆ کوردێك بدات. بە تێڕوانینی ئێمە لادان لە دەستوور و یاسا، لادان لە بنەما دیموکراسییەکان و لە بنەمای هەڵبژاردن کێشە دروست دەکات و بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات.

### دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ قبوڵ ناکرێت

*** بەرەی تەوافوق دەستپێشخەرییەکی نوێی خستۆتەڕوو کە داوای بەشداری پێکردنی باڵیۆزی دەوڵەتە دراوسێکان دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا، ئایا تا چەند ئێوە ئاگاداری ئەم دەستپێشخەریەن؟**

-دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ قبوڵ ناکرێت، چونکە ئەمە لەگەڵ سەرەوەری عێراقیشدا ناگونجێت، لەگەڵ بیروبۆچوون و بەرژەوەندی عێراقییەکان و خەڵکی کەرکووکیشدا ناگونجێت. ئەمە کێشەیەکی ناوخۆییەوە و لە دەنگدانێکی ئازاددا خەڵکی کەرکووك خۆیان بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدەن و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە نەهاتووە بۆ دەستێوەردان بەڵکو هاتووە بۆ یارمەتی لۆجیکی و تەکنیکی.

### کێشەی ئیداری کێشەیەکی قورس نییە دەتوانین چارەسەری بکەین

***ئایا تێڕوانینی ئێوە چییە لە سەر داوای لیستی برایەتی بۆ چاوخشاندنەوە بە مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری لە شارەکەدا؟**

- ئێمە لەگەڵ گفتوگۆ و دانیشتن و کۆبونەوەی بەردەوامداین لە نێو هەموو کوتلەکانی کەرکووکدا بە شێوەیەك بگەینە رێککەوتنێك کە هەموو لایەك پێی رازی بن و قەناعەتی پێ بهێنن. کێشەی ئیداری کێشەیەکی قورس نییە و دەکرێت چارەسەر بکرێت بە شێوەیەك کە بگونجێت لە گەڵ واقیعی شاری کەرکووکدا و ئامانجەکە باشتر کردنی خزمەتگوزارییەکان بێت لە شارەکەدا.

*** باس لە پێکهێنانی لیوایەکی سەربازی دەکرێت لە کەرکووکدا کە لە چەند هەزار کەسێ پێکهاتبێت؟**

- لیوا نییە، بەڵکو فیرقەیەکە، فەرماندەی ئەو فیرقەیە هاتووە، بەڵام ئەوە دیاری نەکراوە چەند لیوای لەگەڵدا بێت و هەیکەلی ئیداری چۆن بێت.

### سەلیم ئەلجبوری وتەبێژی بەرەی تەوافق بۆ گوڵان:

# هاوپەیمانی کوردستانی رازی نابێت دەوڵەتانی دراوسێ دەست لە کەرکوک وەربدەن



ئەوانەی تادوێنێ شـینی حەسـەن و حوسـێنیان بۆ سەروەری عێراق دەگێڕاو دەسـتبەرداری شەتولعەرەب دەبوون تەنها لە پێناوی ئەوەی دەوڵەتانی دراوسـێ دەسـت لە کاروباری عێراق وەرنەدات، ئێستا لەبەرئەوەی باریان کەوتوو بۆیان نالوێت بە زەبری هێز و خۆسـەپاندن مەرج و داواکارییەکانیان بسەپێنن لە مەسەلەیەکی هەستیاری وەك مەسەلەی کەرکوك دا خۆیان دەستی دەوڵەتانی دراوسێی رادەکێشنە ناو کێشەکە و بەدەستی خۆیان دەیانەوێت کێشەکە هێندەی دیکە ئاڵۆزتر بکەن .

بەرێز سەلیم عەبدوڵڵا ئەلجبوری، کە وتەبێژی فەرمی بەرەی تەوافقی عێراقییە و قسەکانی ئەم جیا لەقسەی ئەندامانی دیکەی پارت و لایەنەکانی دیکەی ناو بەرەی تەوافق زیاتر دەربڕی هەڵوێستی هاوبەشی سەرجەم پێکهاتەکانی ناو بەرەی تەوافقە، راشکاوانە بە گوڵانی راگەیاند کە پێشنیارێکی تازەیان هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و تیایدا داواکراوە کە دەبێت کێشەی کەرکوك بە چارەسەری تەوافقی چارەسەربکرێت، بەڵام کە لێمان پرسـی باشە کە پێشنیارەکەتان بەو شـێوەیە و هاوپەیمانی کوردستانیش هەمان داوای هەیە، ئەی خێرە ئەمجارەش هاوپەیمانی کوردسـتانیش ئەم پێشنیارەی ئێوە رەتدەکاتەوە، لەوەڵامدا ئەلجبوری نەیشاردەوەو گوتی : ئاخر ئێمە داوامان کردووە نوێنەرانی دەوڵەتانی دراوسـێی عێراقیش بەشداربن ( واتە تورکیا ) بۆیە هاوپەیمانی کوردستان نارازییە. ئەمەش دەقی قسەکانی وتەبێژی بەرەی تەوافقە بۆ گوڵان:

**هاوپەیمانێتی کوردستانی تەنها لەسەر یەکێك لە برگەکان نارەزای دەربڕی کە باس لە رۆڵی باڵیۆزەکانی دەوڵەتانی دراوسێ دەکات لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا لە کەرکوک**

***حاڵـی حازر عێـراق بە قۆناخێکی سـەختدا تێدەپەڕێت، بە تایبەتـی قۆناخی ئیمزاکردنی رێککەوتنامەی ئەمنی لە نێوان ئەمەریـکا و عێراقدا، ئایا ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێسـتای عێراق دەڕوانن؟**

- عێـراق بە چەنـد وەرچەرخانێکی مەترسـیدار و گرنگدا تێدەپەڕێت کە دەبێتە هۆی تاقیکردنەوە و دەرخسـتنی نییەتی راسـتەقینەی زۆرێك لە هێزە سیاسییەکان. مەسەلەی بنەڕەتی کـە دەتوانین تەجاوزی بکەین، ئەگەر هەموولایەکمان جەختمان کردووەوە لەسـەری بریتییە لە مەسـەلەی شەراکەت کە هەموو لایـەك باوەڕی پێی هێنا و لەسـەر ئەو بنەمایەش کاری کرد. حکومەت حکومەتی یەکێتی نیشـتمانییە و پەرلەمان نوێنەری عێراقیەکان دەکات و پێویسـت ناکات هیچ لایەك هەڵوێسـتی یەکلایەنە بگرێتەبەر لە مەسـەلە بنەڕەتیەکانی وەك مەسەلەی ئەمنـی و ئابووری و تەنانەت پەیوەندییـەکان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسـێکاندا، ئەمانە مەسـەلەگەلێکی گرنگن، لەبەرئەوەی هەمـوو لایەك هاوکارن لە هەڵگرتنی بەرپرسـارێتیەکەدا، ئەوا دەبێـت هاوبەش بن لە وەرگرتنی هەڵوێسـتێکی گونجاودا لە ئاست ئەو مەسەلانەدا.

### کەرکوک مەسەلەیەکی هەستیارە بۆیەدەبێت بگەینە چارەسەرێکی تەوافقی

***لە ٢٢ی تەمووز یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەرچوو، کە کوتلەی کوردسـتانی پەرلەمانی جێهێشـت و ئەم یاسـایە لە لایەن سـەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك کۆمارەوە هەڵوەشـێنرایەوە، ئایا ئێوە وەك بەرەی تەوافق سـوورن لە سەر جێبەجێکردنی ئەم یاسایە؟**

- هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەیە لە بەرەی تەوافوقدا کە دەبێت مەسـەلەی یاسـای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بە شێوەیەك چارەسـەربکرێن کە هەمولایەك پێـی رازی بن و ناکرێت لەم مەسەلەیەدا لایەنی دۆڕاو و لایەنی براوە هەبێت.

واتە گەیشـتن بە دەقێـك کە هەموو لایەك پێـی رازی بن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەسـەلەیە. ئێمە لـە بەرەی تەوافوق پێشـنیارێکمان کردووە بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا پەسەند بکرێت کە باس لە دواخسـتنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك دەکات، هەروەها وەزعی کەرکوك بە یاسایەکی تایبـەت رێکبخرێت، لە بری ئەوەی ببێتە ئاسـتەنگ بۆ ئەم یاسـایە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی هەستیارە و دەبێت بگەینە چارەسەرێکی تەوافوقی بۆ مەسەلەی کەرکوك.

### پرۆژەکەی بەرەی تەوافق بۆ کەرکوک لە پیشنیاری نەتەوەیەکگرتووەکان نزیکە

***ئایـا پرۆژەکەی ئێـوە هیـچ جیاوازیەکی هەیـە لەگەڵ پێشنیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا؟**

-لە زۆر بڕگەدا لەگەڵ چارەسەرەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەك دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە ڕێی گفتوگۆوە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگانە بکەین، لە بڕی ئەوەی بارگرژی دروست بکەین، یان یەکتر ئیستیفزاز بکەین و موزایەدە لەسەر یەکتر بکەین.

**دەبێت دابەشبوونی دەسەڵاتی کارگێڕی لە کەرکوکدا پیادە بکرێت**

***ئایا خاڵە سەرەکییەکانی ئێوە لە پرۆژەکەتاندا چییە؟**

- یەکەم دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکوك، هەروەها پێدانی تایبەتمەندێتیەکی دیاریکراو لە ڕێی گرتنبەری ئالیەتێکی تایبەتیەوە و پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم مەسەلەیە. لە هەمان کاتدا دەبێت دابەشبوونی دەسەڵاتی کارگێڕی (ئیداری) هەبێت لەو شارەدا بە شێوەیەك لە شێوەیەکان، هەروەها دەبێت هەوڵی بەشداری پێکردنی پێکهاتەکانی کەرکوك بدرێت کە نوێنەرایەتی دانیشتوانە راستەقینەکەی ئەو پارێزگایە بکەن، بێ ئەوەی مەسەلەکەی تەنها لە چوارچێوەی پەرلەماندا قەتیس بکەین، لەبەرئەوەی زۆرجار ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداریەکی وردی نییە لە بارەی بارودۆخی شارەکەوە، بەڵام گرنگ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هاوبەشە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو شارەدا.

**هاوپەیمانی کوردستان پرۆژەکەی تەوافقی قبوڵ نییە لەبەرئەوەی داوامانکردووە دەوڵەتانی دراوسێ رۆڵیان هەبێت**

*** کەواتە بۆچی هاوپەیمانێتی کوردستانی پرۆژەکەی ئێوە رەت دەکاتەوە؟**

- هاوپەیمانێتی کوردستانی تەنها لەسەر یەکێك لە بڕگەکان نارەزای دەربڕی کە باس لە رۆڵی باڵیۆزەکانی دەوڵەتانی دراوسێ دەکات لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا لە کەرکوك، واتە ئەوان لەسەر لە سەر ئەم بڕگەیە تەحەفوزیان هەبوو، ئەوان لەگەڵ ئەوەدابوون مەسەلەکە لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا چارەسەر بکرێت بێ ئەوەی باڵیۆزەکانی تورکیا وسوریا و ئێران یان هەر دەوڵەتێکی دیکە بەشداری بکەن.

**بەرەی تەوافق لەسەر ئەو بنەمایە داوای بەشداری دەوڵەتە دراوسێکانی کردووە ئەگەر بەشێک بن لە چارەسەر ئەوا نابنە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەکە**

***پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دەوڵەتە دراوسێکان بەشداری بکەن لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی ناوخۆیی، لە کاتێکدا دەکرێت ئەم کێشەیە لە ڕێی جێبەجێکردنی دەستووری وڵاتەکەوە چارەسەر دەکرێت؟**

- ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە داوای بەشداری دەوڵەتە دراوسێکانمان کردووە کە ئەگەر بەشێك بن لە چارەسەر ئەوا نابنە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەکە، ئەگەر بەشداری بە باڵیۆزی چەند دەوڵەتێکی دیاری کراو بکرێت بۆ دانانی چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکوك، ئەوا هەڵدەستن بە فشارخستنە سەر ئەو کەسانەی کە دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەریان بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەن بەو چارەسەرە. بەڵام ئەگەر دوور بن ئەوا رۆڵێکی سلبیان دەبێت و رەنگە کاریگەریان لەسەر چەند کەسایەتیەك هەبێت و ئەو کاتە ناگەینە هیچ چارەسەرێك.

***دوای ٢٢ی تەمموز کەسانێکی وەك عەبدولکەریم سامەڕائی کە ئەندامی لیژنەی ئەمنییە لە پەرلەمانی عێراقی پشتگیری لە گەڕانەوەی سوپای عێراقی دەکات بۆ هەموو پارێزگاکان لە نێویاندا کوردستان، ئایا ئەمە هەڵوێستی مەبدەئی بەرەی تەوافوقە؟**

-هەڵوێستی مەبدەئی ئێمە لەبەرەی ئەوەیە لەسنووری کوردستان سوپایەك هەیە کە سەرکردایەتی و فەرمانەدەی خۆی هەیە و ئەو هەڵدەستێت بە پاراستنی ئاسایشی ئەو هەرێمە. لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان سوپای عێراق بوونی هەیە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ئەنجام دەدەن و خۆیان بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایش دەگرنە ئەستۆ.

**ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە داوای بەشداری دەوڵەتە دراوسێکانمان کردووە کە ئەگەر بەشێک بن لە چارەسەر ئەوا نابنە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەکە**

**هەڵوێستی مەبدەئی ئێمە لەبەرەی ئەوەیە لەسنووری کوردستان سوپایەک هەیە کە سەرکردایەتی و فەرمانەدەی خۆی هەیە و ئەو هەڵدەستێت بە پاراستنی ئاسایشی ئەو هەرێمە**



### محەمەد خەلیل ئەلجبوری نوێنەری عەرەبی کەرکووک بۆ گوڵان:

# ئێمە نامانەوێت هەڵبژاردن لە کەشێکدا بکرێت کە لایەنێکی دیاریکراو بە سەر لایەنی ئیداری و ئەمنیدا زاڵ بێت



**عەرەبی رەسەنی کەرکووک بەشێکن لە پێکهاتەی شاری کەرکووک و لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و لیستی برایەتیش لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک نکۆڵی ئەم راستییە ناکەن و ئامادەشـــن لە هەڵسوڕاندنی ئیدارەی شـــاری کەرکووکیشدا هەموو مافەکانیان بپارێزن و بەشداری راستەقینەشیان لە کەرکووکدا هەبێت .**

**بەڵام کێشـــەو ئاڵۆزی کەرکووک لەو تێکەڵاوکردنەوە دەســـتپێدەکات بە دەستی ئەنقەست هەوڵدەدەن مەسەلەی عەرەبی رەسەن لەگەڵ عەرەبی هاوردە بەمەبەستی شێواندنی دیموگرافیا و تەعریبکردنی کەرکووک تێکەڵ بەیەکتری بکرێت، کورد نایەوێت عەرەبی رەسەنی کەرکووک خۆیان بکەنە هاوتای عەرەبی هاوردە وتێکەڵاوی تاوانێك بن کە ئەوان ئەنجامیان نەداوە، بەڵام تێگەیشـــتن لەم داوایەی کورد نەك هەر ئەنجامی نەبووە، بەڵکو ماف بە مانەوەی عەرەبی هاوردە دەدەن و بەرگریان لێدەکەن،لە هەمانکاتدا نارازین کوردە دەرکراوەکانی کەرکووك بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان، لەگەڵ ئەوەی خۆ گێلکردن لەو راستیانە کێشەی کەرکووك رووبەڕووی دەرگایەکی داخراو دەکاتەوە، بەڵام لیستی برایەتی کەرکووک جارێکی دیکە داوای کردووە چاو بە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیدارییەکانی کەرکووکی بخشێنرێتەوە، بەڕێز محەمەد خەلیل ئەلجبوری پێش ئەوەی ئەم لێدوانە تایبەتە بە گوڵان رابگەیەنێت، بەرۆژنامەی دەســـتووری ئوردنی راگەیاندووە کە لیســـتی برایەتی ئەو داوایەیان کردووە و ئێســـتا ســـەرقاڵی وتوێژ و دانوستاندنن لەسەر ئەم مەسەلەیە، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە و دیدی عەرەبی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک نوێنەری عەرەبی کەرکووک بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

## پێداچوونەوە بە رێکەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیدارییەکانی کەرکووک

*** بەپێـــی لێدوانێکی ئێوە بۆ رۆژنامەی دەســـتووری ئوردنی داواکارییەکتان پێگەیشـــتووە لە لایەن لیستی برایەتییەوە بۆ پێداچوونەوە بە رێککەوتنی پێشـــوو کە باس لە دابەشکردنی دەســـەڵات دەکات لە پارێزگای کەرکـــووك، ئایـــا وردەکاری ئـــەم مەســـەلەیە بە چ شێوەیەکە؟**

- ئێمە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دوورودرێژ بەســـەر جێبەجێنەکردنی رێککەوتنامەکەی ٢ی کانوونی یەکەم لە نێوان کۆبوونەوەی تەجەموعی جمهوری و لیســـتی برایەتی، لە لایەن برایانی لیستی برایەتییەوە داوایەکمان پێگەیشت بۆ پێداچوونەوە بەم رێککەوتنەدا کە بریتییە لە ١٣ خاڵ، هەربۆیە کۆبوونەوەو دانیشتن کراوە لەسەر ئـــەم مەســـەلەیە و گفتوگۆیەکی تێروتەســـەل کراوە، بەڵام نەگەیشـــتووینەتە چارەسەرێك، بەڵام توانیومانە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین. هەروەها ئێمە بە برایانی خۆمان راگەیاندووە ئەگـــەر جیدین لە جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنـــەدا، ئەوا دەبێت ئەو فەرمانگانە فراوان بکەن و پۆلێنیان بکەن و فەرمانگەکان بۆ هەر لایەنێك دیـــاری بکرێت لە کورد و عەرەب و تورکمان و بکرێتە نووسراوێکی رەســـمی و بەرزبکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

## تەنها دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیدارییەکانی کەرکووک

***ئایـــا ئەم دابەشـــبوونە پەیوەندی بە دابەشـــکردنی دەسەڵاتەوە هەیە لەسەر ئاستی ئیداری، یاخود لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی پارێزگا و خودی پارێزگاش؟**

-نەخێر ئەمە پەیوەندی بە دابەشـــکردنی دەســـەڵاتەوە هەیە لەسەر ئاستی ئیداری، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بـــە هەڵبـــژاردن دێت و ئەوە دەســـەڵاتێکی یاســـادانانە، ئەوەی ئێمە باســـی دەکەین چۆنییەتی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانە، بۆ نموونە چۆنییەتی دانانی بەڕێوەبەرێك لە فەرمانگەیەکدا، وەك شارەوانی یان پەروەردە. ئەمە بەڕێوبەرە گشتی و بەڕێوبەرەکانی بەشەکانیش دەگرێتەوە.

**لـــە رووی کۆمەڵایەتییەوە لەنێو پێکهاتەکانی کەرکووکدا ناکۆکی و گیروگرفت نییە، عەبدولڕەحمان مســـتەفای پارێزگاری کەرکووک بەڵگەی بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم بۆچوونە بـــەوە دەردەبڕێت، دوای ئـــەوەی رۆژی ٢٧ی تەمـــوز دڕندەتریـــن کاری تیرۆریســـتی دەرهـــەق بـــە خۆپیشاندانەکە ئەنجامدرا و لە ئاکامدا زیاتر لە ٦٠-٧٠ بریندارو شەهیدی لێکەوتەوە، بـــەڵام بـــۆ رۆژی دوای واتـــە ٢٨ی تەمموز هەموو پێکهاتـــەکان چوونە ســـەر کاری خۆیـــان بەبێ ئەوەی کەس هەڕەشـــە لەوی دیکە بکات، ئەمە لەکاتێکدایە وەك نوێنـــەری عەرەبی کەرکووك دەڵێـــت، کورد دەســـەڵاتی ئیداری و ئەمنی شارەکەی بەدەستەوەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کـــورد نایەوێت باری ئاسایشی کەرکووك تێکبچێت و ئەو دەســـتە دەرەکیانەشی دەیانەوێـــت بـــاری ئارامی کەرکـــووك بشـــێوێنن لای کـــورد لەگـــەڵ خەڵکـــی کەرکـــووك تێکـــەڵ نابـــن، بەڕێز عەبدولڕەحمان مستەفا پارێـــزگاری کەرکـــووك بەمجۆرە بۆگوڵان سەبارەت بـــە باردۆخی کەرکووك هاتە ئاخاوتن:**

## ئەم ڕێکەوتنە تەنها وەک دروشم هەیە و جێبەجێ نەکراوە

*** دوای سەردانەکەی بەڕێز سەرۆك کۆمار و پێشنیاری دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی ئیداری، ئایا هیچ ناکۆکییەك هەبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە؟**

- پێش سەردانەکەی بەڕێز مام جەلال بۆ کەرکووك ڕێککەوتن هەبوو کە لە ٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا ئیمزا کرا، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە گرێدرابوو بە سەقفێکی زەمەنییەوە کە دەبوو ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت لەو ماوەیەدا، لەکاتی سەردانەکەی بەڕێز مام جەلالدا پشتگیری لەم ڕێککەوتنە کرا. بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە ئەم ڕێککەوتنە بۆتە دروشمێك لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێت، دەبێت جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی نییەتپاکی خۆمان بسەلمێنین، تەنها جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە خزمەت بە ئێمە دەکات نەك بەرزکردنەوەی دروشمەکان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی کە خزمەتی هیچ لایەك ناکات.

***ئایا ئێوە لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکدان، یاخود پشتگیری لە ئەنجامدانی دەکەن؟**

- ئێمە بە مەرجێك پشتگیری لە دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکەین کە بە فیعلی دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی ئیداری جێبەجێ بکرێت، ئێمە نامانەوێت هەڵبژاردن لە کەشێکدا بکرێت کە لایەنێکی دیاریکراو بە سەر لایەنی ئیداری و ئەمنیدا زاڵە، هەروەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەبوو، لەبەر ئەوەی دووچاری هەمان گیروگرفتی پێشوو دەبینەوە.

***بەرەی تەوافوق دەستپێشخەرییەکی نوێ خستۆتەڕوو کە داوای بەشداری پێکردنی باڵیۆزی دەوڵەتە دراوسێکان دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا، ئایا هەڵوێستی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من ئاگاداری ئەو دەستپێشخەرییە نیم، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بنەماکانی ئێمە دەگونجێت و خزمەت بە هەموو لایەك دەکات ئێمە پشتگیری لێدەکەین، ئەوەی پەیوەندی بە هاتنە ناوەوەی دەوڵەتانی دراوسێیەوە هەبێت، ئەوا ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ هاتنە ناوەوەی بەغداش نەبووین لە کێشەکەدا، بەڵام برایانی لیستی برایەتی ناچاریان کردین بەغدا بکەینە لایەنێك، ئێمە گرەومان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەتوانین بێ بەشداری بەغداش ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە لیستی برایەتی بەشێوەیەك کاریان کرد کە ڕەنگە نەك هەر دەوڵەتە دراوسێکان بەڵکو ڕەنگە دەوڵەتانی دیکەش دەستێوەردان بکەن.

***ئایا گلەیی ئێوە لە لیستی برایەتی چییە؟**

- گلەییەکانی ئێمە زۆرن، ئێمە لە رق و قینەوە ئەمە ناڵێین، ئەمە لە پەرۆشیمانەوەیە بۆ درێژەدان بە پەیوەندییەکانمان، لەبەر ئەوەی لیستی برایەتی هەموو شتێکی هەیە و ئامادەی بەخشینی هیچ شتێکیش نییە، ئەوان بەردەوام داوای ئەوەمان لێدەکەن سازش بکەین، بەڵام ئێمە هیچمان نییە تا پێیان ببەخشین.

## ئەوان هیچ داوایەکی ئێمە جێبەجێ ناکەن.
## ئێمە وەک لیستی عەرەبی لە کەرکووک پێمان وایە مادەی ١٤٠ هەموو کێشەکانی کەرکووک چارەسەر ناکات

***بەڵام ئێوە لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧دا بەشدار نەبوون کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراقی دواخرا؟**

- ئەم کارە جێبەجێکرا و ئەرکەکە درایە بەڕێز دیمستۆرا سپێردرا و ئەویش جێبەجێکردنی ماددەکەی دواخست بۆ شەش مانگ و دوای ئەو ماوەیەش هەر جێبەجێ نەکرا، ئێمە پێمان وایە مادەی ١٤٠ هەموو کێشەکانی کەرکووك چارەسەر ناکات، بەڵکو بەشێکی ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، پێویستمان بە تەوافوقی تێکڕای هێز و قەوارە سیاسییەکانی پارێزگای کەرکووك هەیە. ئێمە زۆر بە میهەنییەتەوە مامەڵەمان لەگەڵ جێبەجێبکردنی ماددەی ١٤٠دا کرد بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی مافەکانیان پێشیلکراوە. بەڵام بڕیاردان لەسەر نەخشەی سیاسی کەرکووك پێویستە بە کۆبوونەوە و تەوافوقی تێکڕای هێزە سیاسییەکان هەیە، پێویستە ئەمە لە لایەن ئەنجوومەنی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت. دەبێت ئەم ماددەیە لە ڕێی تەوافوق و ڕێککەوتنی هەموو لایەك جێبەجێ بکرێت نەك لە ڕێی هێز و زەبروزەنگەوە. ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجامدانی راپرسییەوە هەبێت تەنها هەر ئێمە ڕەتی ناکەینەوە لەم قۆناخەدا، تەنانەت بەڕێز دیمستۆرا رای خۆی گۆڕی لەسەر راپرسییەکە و رایگەیاند ناکرێت ئەم راپرسییە ئەنجام بدرێت، بەڵام دەکرێت بگەینە ڕێککەوتنی سیاسی، تەوافوقی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، راپرسی چارەسەری ناکات، لەبەر ئەوەی داوام لێدەکەیت راپرسی بکرێت، کە هاوسەنگی هێز یەکسان نییە لە رووی ئەمنی و ئیدارییەوە و ئێمە کەموکوڕیمان هەیە و پەراوێزکراوین، بەڵام ئێمە بەو مەرجە لەگەڵ پێشنیارەکانی دیمستۆرادایین ئەگەر ئامانجەکە گەیشتن بێت بە ڕێککەوتنی سیاسی، بەڵام ئێمە لەگەڵ چارەسەری حازردا نین، نە لەلایەن دیمستۆرا و نە لەلایەن هیچ لایەنێکی دیکەوە، دەمانەوێت خۆمان بگەینە چارەسەرێك لەم ڕووەوە.

برایانی لیستی برایەتی ناچاریان کردین بەغدا بکەینە لایەنێک، ئێمە گرەومان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەتوانین بێ بەشداری بەغداش ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە لیستی برایەتی بەشێوەیەک کاریان کرد کە ڕەنگە نەک هەر دەوڵەتە دراوسێکان بەڵکو ڕەنگە دەوڵەتانی دیکەش دەستێوەردان بکەن

لیستی برایەتی هەموو شتێکی هەیە و ئامادەی بەخشینی هیچ شتێکیش نییە، ئەوان بەردەوام داوای ئەوەمان لێدەکەن سازش بکەین، بەڵام ئێمە هیچمان نییە تا پێیان ببەخشین

ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجامدانی راپرسییەوە هەبێت تەنها هەر ئێمە ڕەتی ناکەینەوە لەم قۆناخەدا، تەنانەت بەڕێز دیمستۆرا رای خۆی گۆڕی لەسەر راپرسییەکە و رایگەیاند ناکرێت ئەم راپرسییە ئەنجام بدرێت، بەڵام دەکرێت بگەینە ڕێککەوتنی سیاسی